# رۆڵی فاکتەری فەرهەنگیی لە شۆڕشی مەشروتییەتی ئێرانییدا

نووسینی: دکتۆر یاسین سەردەشتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەشی مێژوو/کۆلێژی مرۆڤایەتی
زانکۆی سلێمانی



**"گوڵی بەرەنگاریی و ئازادییخوازیی لەتۆوی فەرهەنگەوە شین دەبێ"**

**"ئەمیلکار کابراڵ"•**

## پێشەکیی:

ساڵی ١٨٥٦، کاتێک نووسەرو سیاسەتکاری ناسراو (ئەلیکسی دی تۆکڤیل) کتێبە بەنرخەکەی خۆی بە ناونیشانی "سیستمە کۆنەکەو شۆڕشی فەرەنسا" نووسی، ئامانجی لەو کتێبە، نووسینەوەی مێژووی شۆڕشی فەرەنساو تۆمارکردنی ڕووداوەکانی نەبوو، بەڵکو ئامانجی توێژینەوەی شۆڕشەکەو لێکدانەوەی سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی فەرەنسیی بوو. چ پێچ شۆڕش و چ لەدواتردا. دی تۆکڤێل، باسی یەکەم و دووەمی بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ دەرخستن و کاریگەریی نووسەران و ئاراستە نائاینییەکان لەسەر گەلی فەرەنسیی و هەروەها ئەو وەرچەرخانەی لە پێگەو دەسەڵاتی پیاوانی فیکرو ئەدەب لەسەر شانۆی سیاسیی هاتبووە ئارا، ئەوەی دۆخێکی ئەوتۆی خولقاندبوو، کە خەڵک ڕوو لە شۆڕش و دژ بە ڕژێم و واقیعەکە بوەستن. تۆکڤێل، لەژێر ناونیشانی :" چۆن لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم پیاوانی ئەدەب بوونە پیاوانی بنەڕەتی سیاسەت لەوڵاتدا، ئەو دەرئەنجامەنەشی لەم دۆخە کەوتنەوە" دەنووسێت:

• رابەری سەربەخۆیی غینیا بیساو لەوتارێکیدا لە یونسکۆ ساڵی ١٩٧٢.

" هێندەی پەیوەندی بە ڕێبازە سیاسییەکانی ئەو نووسەرانەوە هەبوو، جیاوازیی زۆریان لەنێواندا بوو، بەجۆرێك گەر کەسێك بیویستایە پێکیانەوە بگونجێنێت و لەچێوەی تاکە تیۆرێکی سیاسییدا دابڕێژێتەوە، هەرگیز لە کارێکی لەوجۆرەدا نەدەگەیشتە کۆتایی، ئەو ڕێبازانەی لەبری ئەوەی _کە تائەوکاتە وابوو_ لەمێشکی فەیلەسوفاندا قەتیس بن، دابەزیبووە نێو ڕەشە خەڵکەکە، لێرەشەوە تینوتاوی سیاسی خۆی وەرگرت، بەچەشنێکی وا، مرۆ دەیتوانی تیۆری گشتیی ئەوتۆ سەبارەت بە سروشتی کۆمەڵگاکان ببینێت کە بۆتە بابەتی قسەی ڕۆژانەی نێوان بێکاران و تەنانەت خەیاڵ و مێشکی ژنان و جووتیارانیشدا دەهات وەدەچوو. پیاوانگەلێکی ئەدەب، کە تا ئەو دەمە، نە پێگەیەکی بڵندو نە نازناوی قەبەو نە سامان و نە بەرپرسیارێتیی و نە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو، چۆنە وا ئێستاکێ بوونەتە پیاوانی بنەڕەتیی و تەنانەت تاکوتەنیای سیاسیی سەردەمەکەی خۆیان؟! لەکاتێکدا کەسانێکی دیکە خەریکی حوکمڕانین، ئەمانە بۆخۆیان بەتەنیا دەسەڵاتداربوون، من خوازیارم بەچەند وشەیەکی کەمیش بێت ئاستی کاریگەرێتیی بێهاوتاو مەترسیداری ئەم ڕاستییانە لەسەر شۆڕشەکە و هەتا ئەمڕۆکە بخەمەڕوو، کەپێدەچێت تەنیا بەمێژووی ئەدەبی ئێمەوە پەیوەست بێ."[1]

[1] أليكسى دو توكفيل، النظام القديم والثورة الفرنسية، ترجمه: خليل كلفت، بلا تأريخ، بلا مكان **الطبع**، **ص ١٥٢-١٥٣**.



هەروەها، کاتێك مێژوونووس (دانییل مۆرنییە) کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناونیشانی " بنەما فیکرییەکانی شۆڕشی فەرەنسیی " نووسی، ویستی ڕاستییەك بسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە کە، ئەگەر ئەو شۆڕشە فیکرییە نەبووایە کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریی لەعەقڵەکاندا کردیان، ئەوا شۆڕشی فەرەنسیی هەرگیز ڕووی نەدەدا، . فیکرە ڕۆشنگەرە بوێرەکان کە ڕەوایەتیی کڵێساو وتارە پەڕگیرەکانیان هەڵوەشاندەوە، زەمینەیان بۆ داڕمانی ڕژێمی پاشایەتیی ڕەهای (بنەماڵەی بۆربۆن) خۆشکرد، ئەوەی ڕەوایەتیی خۆی لەکڵێساوە وەردەگرت، کڵێسایەك کە ڕەوایەتیی پیرۆزی یەزدانی بە حوکمڕانی ئەو بنەماڵەیە بەخشیبوو، هەروەها، وێڕای تێکڕای هەموو ئەو ستەمکاریی و توندوتیژیە، جەماوەری فەرەنسیی بەملکەچیی و خزمەتکاریی ئەو بنەماڵەیە رامدەکرد.

بەوەش، مۆرنییە، ویستویەتی بایەخی گرنگی ڕۆڵی فەرهەنگی ڕۆشنگەرایی و بەرەنگاریی و بەگژداچوونەوەی کۆن کە ئائەو دەمە لەفەرەنسادا باو بوو، لە هەڵگیرساندنی یەکێك لە گرنگترین شۆڕشەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی لە ساڵی ١٧٨٩دا، ڕوونبکاتەوە.[2]

پێنج ساڵ پاش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی مۆرنییە، مێژوونووس و ئەکادیمستی ئەمریکی (کران برینتۆن) کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناونیشانی " شیکاریی شۆڕش" نووسی. ئەو هەوڵیدا لەم کتێبەدا، شێوازێك دابڕێژێ کە زۆربەی شۆڕشەکان گرتبوویانەبەر. ئەو لەساڵی ١٩٣٨دا، زانیاریی لەبارەی چوار شۆڕشی مەزن کۆکردەوە کە

[2] Daniel Moremt ,  Les origines intellectuelles de la Révolution française, 1715-1787, *(Paris: Armand Colin, 1933,1967).*

بریتیبوون لە شۆڕشەکانی : ئەمریکیی، فەرەنسیی، روسیی و هەروەها جەنگی ناوخۆیی لەئینگلتەرا.

برینتۆن، لەبەشی دووەمی کتێبەکەی، بابەتێکی تەرخانکرد بەناونیشانی " گواستنەوەی لایەنگریی بیرمەندان "، تێیدا ئاماژەی بەرۆڵی فیکرو فەرهەنگ و گروپەکانی فشار لەهەڵگیرساندنی شۆڕشە مەزنەکانی مێژوودا داوە، بەتایبەت، لەشۆڕشی روسییدا لەساڵی ١٩١٧. ئەو دەڵێت کە فیکر هەمیشە بەشێکە لەحاڵەتی پێش شۆڕش و ئامادەگیی هەیە و بڵاوبوونەوەی عەقڵانییەت و پێشکەوتووخوازیی و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانی وەك لیبرالیزم و رادیکالیزم و ناسیونالیزم زەمینەی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشەکان خۆشکردووە. هەروەها برینتۆن، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، رۆشنبیران کە بەویژدانی کۆمەڵگاو زادەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و فیکرییەکان دادەنرێن، ئەوانە رۆڵی بەرچاویان لەچاندنی تۆوی بەهای نوێدا هەبووە، لەرێگەی کتێب و گەنگەشە سیاسییەکان و چالاکییە فەرهەنگییەکانیان و هەروەها هێرشکردنیان بۆ سەر دابودەزگا هەنوکەییەکان و پێشاندانی بێزارییان لە رژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی باو و دەرخستنی خولیاکانیان بۆ ئەنجامدانی وەرچەرخانی گەورە لەکۆمەڵگا و کارەکان و حکومەتدا.

برینتۆن دەڵێت: " یەکەمین جار، ئەو بۆچوونە لەلای مرۆ دەخەملێت، کە ژمارەیەکی رۆشنبیری گەورە وبچووك هەن، هەموویان بابەتگەلێکی سیاسی و سۆسیۆلۆژی شەنو کەو دەکەن و هەر هەموویان لەو بڕوایەدان جیهان، بەتایبەت فەرەنسا، پێویستی بە گۆڕانە، لە بچووکترین وردەکارییەکانەوە تاوەکو بنەما زێدە ئەخلاقییەکان و



هەروەها یاسا زێدەگشتییەکانیش، هەروەها ئەگەر ناوەکانی وەك : ڤۆلتێر، رۆسۆ، رینال، دولباخ، فۆلنیف، هلنتیوس، دالەمبیر، کۆندۆرسیە، بەرناردان، دۆسان و بییر..هتد، بخەینە بەرچاو، دەبینین ئەمانە هەموویان تێکرا یاخیبوون، تواناو شایستەیی خۆیان دژو رووبەڕووی کلێسا و دەوڵەت کردبۆوە. [٣]

هەروەها نووسەری فەرەنسیی (رۆجیە شارتییە) لەکتێبەکەیدا " بنەما فەرهەنگییەکانی شۆڕشی فەرەنسیی" بەشێوەیەکی روونتر جەختی لە دیدو تێڕوانینی هەر یەك لە تۆکڤیل و مۆرنییەو برینتۆن کردۆتەوە، کاتێك نوسەرو فەیلەسوف و رۆماننووس و رۆژنامەنووسەکان و پەخشکەرانی بەرهەمەکانیانی بە هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بزاوتی شۆڕشگێڕیی لەفەرنسا لەقەڵەمداوە، بڵاوکردنەوەی تیۆری مرۆڤی سروشتیی و گرێبەستی کۆمەڵایەتیی و سێکیولاریزم و عەقڵانییەت و دیسکۆرسە رەخنەگرە هەڵوەشێنەرەکان زەمینەی بۆ ئەفراندنی فەزایەکی فەرهەنگیی نوی رەخساند و گورزێکی کوشندەی سرەواندە پیرۆزیی کلێساو پاشا و زەمینەی بۆ خولیاگەلی بەرەنگاربوونەوەی رژێمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ژێرەوژوورکردنی رەخساند. [٤]

[3] کرین برینتن ، تشریح الثورة، ترجمة :سمیر الجلبي، مراجعة: د. غازي برو، الطبعة الأولى، دار الفارابي، ٢٠٠٩، ص ٧٣-٧٤.

[4] Roger Chartier, The Cultural Origins of the French Revolution, translated by Lydia G. Cochrance (Durham and London: Duke University Press, 1991). p18.

لەم کلاورۆژنەیەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی زانستی سیاسەت و سۆسیۆلۆژیی، بایەخیان داوە بە توێژینەوەی رۆڵی فەرهەنگیی و هەوڵی رۆشنبیران لەبلاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەنێو خەڵك و تەیارکردنیان بۆ رووبەرووبوونەوەی ستەمکاریی و پاوانکاریی سیاسی و سەرکوتی کۆمەڵایەتیی و داواکارییان بۆ ئازادیی و دادپەروەریی و یەکسانیی. چ بزووتنەوەی چاکسازییەکان و چ شۆڕشە دیموکراتی و نەتەوەییەکان و چ گۆڕان و وەرچەرخانە مەزنەکانی مێژووی نوێ، هەر هەموویان زادەی ئەم فاکتەرەن کە بەگوێرەی قەبارەی خۆی رۆڵی روونی لە رووداونیاندا هەبووە. هەروەك بیرمەندی ئەڵمانی (هاینرش هاینە) ئاماژەی بەم رۆڵە داوەو سیاسەتکارانی ئاگادار کردۆتەوە کە هێندە بە پێگەو شکۆی خۆیان نەنازن ، چونکە ئەوان دواجار جگە لەئامرازێك بەدەست رۆشنبیران و پیاوانی فیکرەوە هیچی تر نین، ئەو دەڵێت : " تەنانەت ماکسیمیلیان و رۆبسبێریش شتێك نەبوون جگە لە ئامرازێك بەدەستی رۆسۆوە".[5]
هەروەها وەك (لاڤرۆف) کە یەکێکە لە تیۆرسینەکانی جولانەوەی نارۆدنیك لە روسیا وتویەتی:" پێشکەوتنی مرۆڤایەتیی تەنیا بەهۆی ئەو کەسانەوەیە کە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە بیردەکەنەوە."[6]

هەر لێرەدا بەدیارییکراوی، پێویستە ئاماژە بە توێژەری ئەکادیمستی کۆمەڵناسیی پرۆفیسۆر (جان فۆران) بدرێ کە لەکتێبە بەنرخەکەیدا "


[5] کارل پوپر، جامعه باز و دشمنان آن، ترجمه : عزت الله فولادوند، خوارزمی، ١٣٦٩، ص ٨٩٦.

[6] P. Lavrov , Historical Letters. (Berkeley ,calif. 1967) , p141.



تیۆریزەی شۆڕشەکان" جەختی لەسەر رۆڵی فاکتەری فەرهەنگیی وەك مەرجێکی بنەڕەتی لە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکان لە چاخی نوێدا بەگشتیی کردۆتەوە، بەتایبەتیش لەناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقاو ئەمریکای لاتینییدا. بەگوێرەی فۆران، بۆئەوەی شۆڕش رووبدات، پێویستە ناڕەزایەتیی بەشێوەیەك زێدەبێ کە خۆی لەچێوەیەکی گشتییدا دژی رژێمە باوەکە ببینێتەوە، هەربۆیە پێویستە فەرهەنگێکی ناڕەزایەتیی و بەرهەڵستکاریی سیاسی بپشکوێ کە کار بۆ قامك خستنە سەر ستەم و فراوانکردنی بەرەی ناڕەزایەتیی و بێمتمانەیی بە دەسەڵات و دامودەزگاکانی حوکمڕانی بکات، چونکە هەژاریی و قۆرخکاریی زێدە بەتەنیا دۆخی شۆڕشگێڕانە ناخولقێنی، بەڵکو پێویستە هۆشیارییە پەیدابێ کە خەڵك هەست بەو نەهامەتییانە بکات و ببێتە بەشێك لە بونیاتی فیکریی و کۆمەڵایەتیی. هەروەها بۆئەوەی کە زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئامادەسازبن و بوێری ئەوەیان تێدا بێت دژی رژێم بێنە مەیدان و هاواری رووخاندنی ستەمکاریی و قۆرخکاریی بکەن، ئەوا پێویستە لەسایەی دروشمگەلێکی یەکخەری وەك ئازادیی و سەربەخۆیی و دادپەروەرییدا یەکبگرن، لەم پێناوەشدا دەتوانرێت سوود لە فەرهەنگیی میللی و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانی وەك لیبرالی و ناسیونالیستی و سۆشیالیستی و تەنانەت هەست و وتاری ئاینیی بەهەڵستکارانەو ئەفسانە میللییەکانیش ببینرێ. چونکە زێدەبوون و کەڵەکەبوونی فەرهەنگ دەبێتە هۆی زێدەبوونی هۆشیاریی

و هــەروەها شــیاوییەکی زیــاتر بــۆ هاوبەســتەگیی و تــەیارکردن و لێکترکۆبوونەوەی زێدەتر بۆ تەقاندنەوەی شۆڕش و سەرکەوتنی.[7]




هــەر لەســەرەتای هەشــتاکان و نەوەتــەکانی ســەدەی بیستەمیــشەوە، بایەخێکی زێدەتر بە توێژینەوەو گەنگەشەو لێکدانەوەی ڕۆڵی فاکتەری فەرهـەنگی لەلایـەن ناوەندەی زانسته کۆمەڵایەتییەکانەوە درا، ئـەوەش لەسـایەی کاریگـەریی پەرەسـەندنی زانـستی کۆمەڵناسـیی فەرهـەنگیی لەئـــەمریکاو توێژینـــەوە فەرهەنگییـــەکان لەئینگلتـــەرا و هـــەروەها توێژینــەوە پۆســت بنیــاتیزم(ستراکتــچوەڵیزم) لەفەرەنــسا. هــەروەها شـەپۆلێك لـە گەنگەشـگەلێکی فیکریـی سـەبارەت بـە ڕۆڵـی فەرهـەنگ و ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازە فیکریی و سیاسییەکان لـە ڕوودانـی شۆڕشـەکاندا دەستپێکرد، بەپشتبەستن بە توێژینەوە بەراییەکانی پێشوو سەبارەت بــەم بابەتــە کــە کەســانی وەك (مــاکس ڤێبــەر، گرامــشی، ئــەی .بــی تامبسۆن ، تدا ئەسکاچ پل و سیوول) پێی هەستابوون.[8]

---

[7] جان فوران ، نظریـەپردازی انقـلاب هـا، ترجمـەء: فـرهنگ ارشـاد، نشر نـی، ١٣٨٢، ص ٢٧٣.

[8] Eric Selbin , Modern Latin American Revolution (Moulder : Westview Press, 1993)., Wendy Griswold, Cultures and



## ناساندنی شۆڕشی مەشروتییەتی• ئێرانیی

"ئەعلا حەزرەت بەتەواویی ئەوەی لەبیرکردووە کە نا تاج و نگینی پاشـایەتیی لەسکی دایکی خۆیەوە هێناوەو نە دەسەلاتی فەرمانڕەوای ڕەهای لە جیهـانی ناپەیـدای ئەڕواحـەوە گرتۆتەدەست، ئەو پێویستە ئەوەی لەیاد بێت کە کە دەسـەڵاتەکەی تـەنیا بـە پەسـەندیی یان ڕەتکردنـەوەی خەڵکـەوە پەیوەسـتە، خـەڵکانێك کـە ئـەویان دەستنیـشانکردووە، ئـەو توانایەیان هەیە کەسێکی تر لەشوێنی ئەو دابنێن" یەك لەبەیاننامە شۆڕشگێڕییەکان "[9]

---

Societies in the Changing World (thousand Oaks, London, New Delhi: Pine Forge Press, 1994).

• "مەشـروتییەت" چـەمکێکە بـەدژی حوکمڕانییـەتی ڕەهـاو سـتەمکاریی دێـت و لەبەرامبەری ( Constitutionalism ) دێـت بـە ئینگلیزیی، لەوەدەچێت لـەزمانی تورکییـــەوە وەرگیرابێـــت، لەســـۆنگەی پێـــشینەیی جووڵانـــەوەی مەشـــروتییەتی (دەستووریی) عوسمانیی بەبەراورد بە ئێرانییەکان. سەبارەت بە ڕیشەی چەمکەکە بیروڕای جیاواز هەیە، (La charta) فەرەنسییەوە هـاتووە، هەندێکیش پێیان وایـە کـە لـە وشـەی "شـەرت" ی عەرەبییـەوە وەرگـیراوەو بەواتـەی حـوکمڕانی بـە مـەرج. هەنـدێکیش پێیـان وایـە لـە وشـەی "شـوری" وە هـاتووە، واتـە حـوکمڕانی بـە مەشوەرت و نەسەپاندنی تاکە ڕاوبۆچونێك. وێڕای هەموو ئەمانە، هەمووان لەسـەر ئـــەوە کـــۆکن کـــە مەشـــروتییەتی ئێرانیـــی واتـــە ســـنوورداركردنی دەســـەڵاتی جێبەجێکاریی ڕەها لەڕێگەی دەستوورێکی نووسراو و ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو و دەزگایەکی دادوەریی بێلایەن. بڕوانە:

Gheissari, Ali , Iranian Intellectuals in the 20th Century, University of Texas Press, 1998, p 24.

[9] ادوارد براون، انقلاب مشروطیت ایران، ترجمـەی مهدي قزويني، انتشارات کویر، چاپ دوم، تهران، ص ١٦٩.

جوڵانەوەی مەشروتییەتی ئێرانیی (١٩٠٥-١٩١١)، یەکێکە لەڕووداوە دەرکەوتەو ڕپڕبایەخەکانی مێژووی نوێی ئێران بەتایبەت و هەروەها مێژووی جوڵانەوەی دیموکراتی لەناوچەکە بەشێوەیەکی گشتیی. ئەوەی جوڵانەوەیەکی جەماوەریی بوو، چین و توێژی کۆمەڵایەتیی لەگەلانی ژێر سایەی حوکمی قاجارییدا لەئێران (کە ئەود ەم بە وڵاتی فارس ناودەبرا) بەشدارییان تێدا کرد، ئەوانەی ئامانجی کۆتاییهێنان بە زۆرداریی و ستەمکاریی چاکسازیی ڕەوشی نالەباری ئابوری و کۆمەڵایەتیی کۆیکردبوونەوە، لەڕێگەی گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی قاجارییەوە لە پاشایەتییەکی مەزهەبیی ڕۆژهەڵات ناوەڕاستیی خاوەن کارگێڕییەکی سونەتییەوە بۆ پاشایەتییەکی دەستوریی هاوشێوەی حکومەتە نوێنەرایەتییەکانی هاوچەرخ لە ئەوروپای ڕۆژئاوا. ئەو شۆڕشەی، وێڕای تەواونەکردنی پەیامەکەی و لادانی لەنیوەڕێگەدا، لە ڕاستییدا بەیەکێك لە خاڵە وەرچەرخێنەرەکان لەقەڵەم دەدرێ بەشێوەیەك ئێرانی لەقۆناغی پێش خۆی جیاکردۆتەوە، بەهۆیەوە وڵات ڕووی لەژیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ کرد، ئەو شۆڕشەی بەهۆی دەستکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانییەوە قۆناغێکی نوێی لەئێراندا هێنایەئارا چونکە وەلانانی ڕژێمە کۆنەکەی کردە ئامانج لەڕێگەی تەیارکردنی میللی و مەدەنی و بانگەشەکردن بۆ بنەماو بیربڕواگەلێکی لیبڕالی و سێکیولارو ناسیونالیستی و بگرە سۆشیالیستیش. هەروەها ئامانجی تریشی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندگەرابوو کەلەپێناو نوێگەریی وڵات لەڕێگەی چاکسازیی کارگێڕیی و پەروەردەیی و دادگەرییەوە تێبکۆشێت، بەشێوەیەك دەسەڵاتی خان و سەرۆکخێڵەکان لاوازبکات و



سنورەکان لەچاوتێبڕینی بێگانە بپارێزێت و شوناسێکی ئێرانیی نوێ پێکبهێنێت.[١٠]

ئەوە ڕاستە ژمارەیەك ڕووداوی لەناکاو ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لەهەڵگیرساندنی شۆڕشی مەشروتییەتدا گێڕا، بەدیارییکراوی کاتێك بەڕێوەبەری گشتی گومرگی ئێرانیی (مسیو نوز)ی بەلچیکی، جلی ڕۆحانییەکانی کردۆبەرو بەشداری یەکێك لەئاهەنگەکانی کردبوو، ئەوەی لەلایەن هەندێکەوە قۆزرایەوە بۆ هاندانی خەڵك بەدژی بێگانەکان، ڕووداوێکی تریش کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەهەژاندنی گیانی شۆڕش پەیوەستبوو بە بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا خۆراکییەکان و قەیرانی شەکر، کاتێك (عەبدولحەمید عەینولدەولە)ی حاکمی تاران کە هەمان کات زاوای موزەفەرەدین شاش بوو، ژمارەیەك لە بازرگانانی ناسراوی بەتۆمەتی قۆرخکاریی شەکر فەلاقەکرد، ئەوەی بووەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەك بارزرگان بچنە مزگەوتی (شاعەبدولعەزیم) و مانبگرن،[١١] ئەو ڕووداوەی بووە هۆی شاپڵیتەی هەڵگیرساندنی شۆڕشێك کە کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی جۆراوجۆر و کەڵەکەبوو ڕسکاندیان.

[10] بۆ زیاتر: احمد کسروی، تاریخ **مشروطه** ایران، تهران، ١٣٧٩.، محمد اسماعیل **رضوانی**، انقلاب **مشروطیت ایران**، تهران، **کتابخانه** احمد کسروی ابن سینا، ١٣٤٤ .، ایوانوف م.س ، انقلاب **مشروطه ایران** ، ترجمة : **کاظم** انصاری ، انتشارات بابك تهران ، ١٣٥٤ش.

[11] **پیتر آوری ، تأریخ معاصر ایران ، ترجمه : محمد رفیعی مهر آبادی ، جلد أول ، چاپ چهارم ، انتشارات عطائی ، تهران ، ١٣٧٧ش. ص٢٣١.**

**بەدرێژایی ساڵەکانی پێش شۆڕشی دەستوریی لەئێران، ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران لەحوکمڕانییەتی بنەماڵەی قاجاریی (١٧٩٤-١٩٢٥) گەیشتە ئەوپەڕی. دەتوانرێت بوترێت کە ئەو شکستە سەربازییانەی ئێران لەسەر دەستی روسیای تزاریی بەسەریدا هات، ناچاریکرد چەند رێکەوتننامەیەکی رسواکەری وەك (گولستان ١٨١٣) و (تورکمانچای ١٨٢٨) پەسەندبکات. هەروەها پێدانی جیاوگی ئابوری و بازرگان و ماف پارێزراوی لەلێپرسینەوەو دادگاکان بە بێگانە لەئێراندا، هەموو ئەمانە هەست و تۆوی ناڕەزایەتیی لەدۆخی ستەملێکراویی و نابەرامبەریی لەلای ئێرانییەکان پەرەپێدەدا. بەشێوەیەك ستەمکاریی رژێمی قاجاریی گەیشتبووە ئاستێك خەڵکی تا رادەی تەقینەوە بردبوو، خەڵك بەدەست ستەم و توندوتیژیی شاکانی قاجار[12] و بەدکارگێڕیی وڵات و گەندەڵکاریی سیاسی و دارایی و بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەتەوە دەیانناڵاند. حوکمڕانەکان کڕین و فرۆشیان بە پۆستەکانیانەوە دەکردو لەسەر حیسابی پارەو سامانی خەڵك دەگلانە ئەو مامەڵانەوە، ئەوانە بەسەپاندنی باجی قورس باری شانی گەلیان گران کردبوو، [13] زۆرجار خەڵکەکە بۆ هەڵاتن لە باجسێنە دڵڕەقەکان ماڵ و خانووەکانی خۆیان چۆڵ دەکردو جێیاندەهێشت،**

[12] شاکانی ئێران نازناوگەلێکی وەك سێبەری خوداو مالیکولڕیقاب و قیبلەی عالەم و پەناگای رەعیەتیان هەبوو، بڕوانە: یرواند ابراهامیان: إیران بین دو إنقلاب، ترجمە: کاظم فیروزمند ومحسن مدیرشانه چی،چاپ چهارم،نشر مرکز،١٣٨٠ش، ص ٤٤.

[13] **محمد رضا فشاهی ، تحولات فکری و اجتماعی در جامعە فئودالی ایران. از گاتها تا مشروطیت، چاپ سوم ، تهران ، ١٣٨٦، ص ٢٠٦-٢١٣.**



**رەوشەکە بەجۆرێك بوو لەهەندێك حاڵەتدا ئەو باجسێنە دڵڕەقانە دەستدرێژییان دەکردە سەر کچ و ژنی ئەو جووتیارانەی توانای پێدانی ئەو باجەیان نەبوو و دواتر دەیانبردن لە بازاڕی کۆیلەکاندا دەیانفرۆشتن، هەروەك ئەو رووداوەی لەشاری قوچان روویدابوو. [14]**

**لەلایەکی ترەوە، شکستی ئێران لەبەرامبەر روسیا وایکرد بەشێکی زۆر خاکی وڵاتەکەی لەدەستبدات و ناچار بەدانی بڕەپارەیەکی زۆر بێت وەك سزایەکی شکستە سەربازییە، ئەوەش دەوڵەتی لەڕووی داراییەوە دوچاری پەککەوتەیی دارایی کردەوە، هەروەك چۆن زەوییەکی کشتوکاڵی زۆر لەدەستدراو نەخۆشی لەشارو لادێیەکاندا بڵاوبۆوە کە رۆحی هەزارەها مرۆڤی درویێنەکرد. رەوشی کشتوکاڵی ئێران لەدۆخێکی ئەوتۆدا نەبوو مایەی نیگەرانی نەبێ، نەبوونی رێگەی هاتوچۆو سەختی ئاڵوگۆڕی ئابوری و ئەو فشارانەی حوکمدارو دەرەبەگ و باجسێنەکان دەیانخستە سەر جووتیاران وایکردبوو جووتیاران ژیانێکی پڕ داماویی و نەهامەتیی بەسەر بەرن. لەوەش خراپتر، وشکەساڵیی و بڵاوبوونەوەی قاتوقڕیی و هێرش و پەلاماری خێڵە کۆچەرو شوانکارەکان هێندەی تر ژیانی ئەو جووتیارە بێنەوایانەی تێکدابوو بەچەشنێك وەك دۆزەخی لێهاتبوو. [15]**

[14] **خاتمی زمینه های خیزش محمد مشروطه، تهران، چاپ اول، ص ١٦.**

[15] **پاولویچ .م ، سی مقاله دربارەء انقلاب مشروطه ایران، ترجمه : م . هوشیار، ص ٢٣ .، محمد علی همایون کاتوزیان، ایران جامعەء کوتاه مدت و ٣ مقاله دیگر، ترجمەء عبدالله کوثري، نشری نی ، تهران ، ١٣٩٠، ص ٨٥.**

لاوازیی دەزگاکانی حوکمڕانیی و دابەزینی نرخی زیو لەجیهاندا، وێڕای دابەزینی نرخی ئەو کەرەسە خاوانەی ئێران هەناردەی دەکرد و بەردەوامیش هەر لەهاتنەخوارەوەدا بوو، ئەوەی حکومەت بۆ ڕێگەلێگرتن لەم دۆخە نالەبارەی کەوتە زێدەکردنی بڕی باج و فرۆشتنی پۆستە حکومییەکان و هەروەها هەراجکردنی سامانی وڵات بەشێوەی بەخشینی جیاوگ بەبێگانەکان و وەرگرتنی قەرز لە بانکە بیانییەکان کە لەبەرامبەر بڕێکی زۆر قازانج قەرزیان دەدا بەئێران. [16] ئەوەی زیاتر خەڵکی تووڕەدەکرد، ئەو برشە زۆرە پارەیە بوو کە دەربار تەخشان و پەخشانیان دەکرد، ئەو سەفەرو گەشتە پڕخەرجییانەی شای قاجار بەمەبەستی خۆشی و چێژوەرگرتن بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژئاوای دەکردن. [17]

تێکڕای هەموو ئەوانە، لەکاتێکدا هەریەك لە ڕوسیا و بریتانیا لەرکابەریدابوون بۆ بەدەستهێنانی جیاوگی بازرگانیی و ئاسانکاریی ئابوریی، پێگەو دەسەڵاتی هەریەك لەبازرگانە ڕوس و ئینگلیزەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە بازاڕەکانی ئێراندا لەزێدەبووندا بوو، ئەوەش زەمینەی هەرەسهێنانی پێگەی بازرگانانی ئێرانیی لەبازاڕەکان و لەدەستدانی قازانجە بازرگانییەکانیان خۆشکرد، هەروەها هاتنەناوەوەی کاڵای بێگانە گورزێکی کوشندەی سرەوانده بەرژەوەندییەکانی پیشەگەرە

[16] بۆزیاتر:

Hooshang Amirahmadi , the Political Economy of Iran under the Qajars, (I.B . Tauris @Ltd, Palgrave Macmillan , 2012).

[17] محمد خاتمی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨-٢٩.



ئێرانییەکان، ئەوانەی ناچاربوون جێی کارەکانیان دابخەن و دواجار بێکاربن و هەندێکیشیان بەناچاریی وڵاتیان بەجێهێشت .

بەمیشێوەیە، تێکڕای ئەم هۆکارانە ئاوێتەبوون و بوونەهۆکاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەشروتییەت. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەخاڵێکی بایەخدار بکرێ، ئەویش ئەویە کە هەندێك لەتوێژەرانی ڕوس هەوڵیانداوە بەپشتبەستن بە ڕێبازی مارکسیی کلاسیکیی خوێندنەوە بۆ شۆڕشەکەو و لێکدانەوەی هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی بکەن و لەو بڕوایەدان کە شۆڕشێکی بۆرجوازییە دژی سیستمی دەرەبەگایەتیی، [18] لەکاتێکدا ئەو بایەخدارانەی بەقووڵیی لەمێژووی نوێی ئێران و ڕەوشە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەی ورد دەبنەوە درك بەوە دەکەن کە لێکدانەوەی مارکسییانەی کلاسیکیی بۆ شۆڕشەکە ناتوانێت وێنایەکی دروست و واقیعیی و زانستیی شۆڕشی مەشرووتە بکات. هەروەك ڕوونە، کۆمەڵگای ئێرانیی لەسەدەی نۆزدەیەمدا وەك کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیی، سروشت و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، کە تێیدا سیستمێکی دەرەبەگایەتیی یان فیودالزیمی تۆکمەو پتەوی هاوشێوەی ئەوەکەی ئەورووپای تێدا نەبوو، چونکە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئێران موڵکی دەوڵەت بوون و ماف موڵکایەتیی هەمیشەیی زەویی کشتوکاڵیی نەبوو، هەروەها دۆخە هەرێمیی و جیۆگرافییەکەو کەمیی ئاو و سەرچاوەکان لەمپەریان لەبەردەم

[18] بڕوانە: ایوانوف م.س ، انقلاب مشروطه ایران ، ترجمه : کاظم انصاری ، انتشارات بابك تهران ، ١٣٥٤ش .، پاولویچ ، سەرچاوەی پێشوو.

پێگەیشتنی سیستمێکی بەو شێوەیە پێکدەهێنا.[19] هەروەها دەوڵەت ئامرازی چینێکی دیارییکراو نەبوو کە راستەوخۆ پێکەوە گرێدراوبن، جگە لەوەی لە ئێران چینێکی پیشەسازکاریی یان دارایی یان تەنانەت بازرگانیی بەهێزو سەربەخۆش نەبوو وەك ئەوەی لە ئەوروپا هەبوو، ئەوە راستە لەئاکامی بەستنەوەی ئابوریی ئێران بە بازاڕی سەرمایەداریی رۆژئاواییەوە لەسەدەی نۆزدەیەمدا، چینێکی بچکۆلانەی بازرگانیی دەرکەوتبوو، بەڵام چینە پەیوەستبوو بە پەرەسەندنی بازرگانی دەرەوەو وەرچەرخانە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان و نەیتوانیبوو ببێتە چینێکی تۆکمەو سەربەخۆ. لەلایەکی ترەوە، بوونی رژێمێکی ستەمکارو نەبوونی ئاسایشی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی هاوکاری هێنانەئارای دۆخێکی نەکرد پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەی تێدا پەرەبگرێ.[20]

هەروەها ئەوەش راستە کە لاوازیی حکومەتی ناوەندیی لەئێران لەدەورانی حوکمڕانی بنەماڵەی قاجارییدا، دەرفەتێکی بۆ فراوانبوونی دەرەبەگایەتیی و دەرەکەوتنی چینێك لە موڵکدارانی زەوی و زێدەبوونی دەسەڵاتی خانەکان و سەرۆکخێڵەکان لە لادێکان رەخساند، بەڵام بەپێچەوانەی رەوشی شۆڕشە بۆرجوازییەکانی ئەوروپاوە، لە شۆڕشی مەشرووتەدا، بەشێك لە موڵکداران و ئەشرافەکان و هەروەها

[19] کاظم علمداری، چرا ایران عقب ماند وغرب پیش رفت؟ چاپ اول ، نشر توسعه ، ص ١٤٨.

[20] محمد علی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران، ترجمه : محمد رضا نفیسی و کامبیز عزیزی، نشر مرکز، ١٣٧٤، ص٩.



سەرۆکخێڵەکانیش رۆڵی کاریگەریان لەچوونەپێشەوەی شۆڕشەکەدا هەبوو، جگە لەوەی ناڕەزایەتی بازرگان و پیشەوەرەکان دژی دەوڵەت و بەشدارییان لە شۆڕشەکە لەپێناوی گۆڕینی شێوازی بەرهەمهێنان و کۆتاییهێنان بە بالادەستیی چینێکی کۆمەڵایەتیی دیارییکراودا نەبوو، بەڵکو بەهۆکاری لێوانڕێژبوونی بازاڕەکانی ئێرانیی بوو بە کاڵای بیانیی و لەدەستدانی کارو چالاکی پیشەکارەکان و پارێزگاریی بوو لەبازرگانانی بێگانەو جێهێشتنی بازرگانانی ئێرانیی بوو بێ پارێزگاریی و بایەخ.[21]

لێرەدا بەتایبەت دەتوانری سوود لە نێوەرۆکی تیۆرەکەی خانمە توێژەری ئەمریکی ( تدا ئەسکاچ پل) بکرێ بۆ ناساندن و شیکاریی شۆڕشی مەشروتییەتی ئێرانیی، ئەو وەك بونیاتگەرایەك رۆڵی ململانێی چینایەتیی لە رووداني شۆڕشەکان رەتناکاتەوە، بەڵام بە تاکە فاکتەریشی نازانێ، بەڵکو بڕوای بە ئاوێتەبوونی فاکتەرەکان و پەیوەستبوونی بە واقیعی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە هەیە. دەتوانرێ تیۆرەکەی ئەسکاچ پل سەبارەت بە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان وەك لای خوارەوە پوخت بکرێتەوە:

١- دەوڵەت لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیدا بێت.
٢- لاوازیی دەزگا کارگێڕیی-سەربازییەکان کە بیرۆکراتییەکی کشتوکاڵیی رێبەرایەتیی دەکات.

[21] بۆزیاتر: دکتر سهیلا ترابی فارسانی، تجار و مشروطیت و دولت مدرن ، نشر تأریخ ایران ، تهران ، ١٣٨٤ .

٣- ڕەوشی ناهەموارو پڕفشاری دەرەکیی و نێودەوڵەتیی.
٤- فشاری نێوخۆیی لەسەر دەوڵەت بەهۆی هەوڵگەلی چاکسازییخوازو نوێگەراکان.
٥- شکستی دەوڵەت لە ئەنجامدانی چاکسازیی و داڕمانی سەربازیی و کارگێڕیی و تووشبونی بە قەیران قووڵی جۆراوجۆر.
٦- ڕاپەڕینی جووتیاران لەسایەی ئاراستەکردنی ڕێبەرایەتییە شارەکییەکان و هەڵگیرساندنی شۆڕش.[22]

شایەنی باسە، کۆمەڵگای ئێرانیی، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیی بوو کە ئابورییەکی وەرزێریی سەرەتایی و دانیشتوانێکی نەخوێندەواری هەبوو کە لەدۆخێکی ناتەندروستدا ژیانیان دەگوزەران و تەنیا ٢٠٪ دانیشتوان لەشارەکەداندا دەژیان، ئەوەی مابۆوە یان لە گوندەکاندا دەژیان کە زیاتر نیوەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، یان لەچوارچێوەی خێڵە کۆچەرو نیوەکۆچەرەکاندا دەژیان. دەوڵەتی قاجارییش لەستاتۆیەکی لاوازیی تەواودا بوو کە توێژێکی بیرۆکراتی کشتوکاڵیی و توێژێك لە خانەدان و ئەشرافەکان لەسەروی هەموویانەوە بنەماڵەی قاجاریی ستەمکار هەژمونی خۆیان بەسەر کارگێڕیی و بەڕێوەبەردنەکەیدا سەپاندبوو. ئەو دەوڵەتەو دەزگا لاوازپەڕپوتەکانی کە هەموو هەوڵە چاکسازییە شکستخواردووەکانی نێوخۆ

[22] THEDA SKOCPOL , States and Social Revolution . A COMPARATIVE ANALYSIS OF FRANC, RUSSIA AND CHINA (CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, 1979.



نەیانتوانیبوو گیانێکی بەبەردابکەنەوەو بەهێزی بکەن بەچەشنێك بتوانێت هێزە کۆمەڵایەتییە نوێکان بگرێتەخۆو ڕووبەڕووی کێشە و گرفتە نێوخۆییەکان و لەبەرامبەر ئەو دەستێوەردانە بیانییە دەرەکییانە بوەستێتەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زێدەتر دەبوون، بەچەشنێك ئێران وەك دەوڵەتێکی نیمچە کۆڵۆنیی لێهاتبوو، کۆنسولخانەی دەوڵەتە بیانییەکان وەك دەوڵەتێك لەنێو دەوڵەتێکی تردا هەڵدەسوڕان، بەچەشنێك دەستیان لەدیارییکردنی سیستمی گومرگیی و چۆنێتی باج کۆکردنەوە وەردەداو جیاوگکەلێکی گەورەیان بۆخۆیان چنگ کەوتبوو کە زیانی بە ئابوری ئێران گەیاند و دەوڵەتی زیاتر و زیاتر لاوازکرد، ئەوەی بێزاری خەڵکی زێدەترکردو حاڵەتێکی ناهاوسەنگیی و ناجێگیریی و پشێویی و پڕکەلێنی لێکەوتەوە. بەلام بەهۆکاری نەبوونی چینێکی سەربەخۆی تۆکمەو پێکەوەگرێدراو لەجووتیاران و هەروەها کارتێکەریی پەیوەندییە عەشیرەتییەکان و ئابوری داخراوی خۆژێن و پەیوەستبوونی جووتیارانی ساکاری ئێرانیی بە خاوەن موڵکەکەیەوە، زەمینەی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی جووتیاریی لە گوندەکاندا ئاسان نەبوو. لەبری ئەوە، ئاگری شۆڕش لەنێو چین و توێژە شارنشینەکاندا هەڵگیرسا، ئەوانەی لەستەم و چەوساندنەوەو گەندەڵیی حکومەت و تەسلیمبوونی بە بێگانەکان داخ لەدڵ بوون، ئەو توێژانەی لە بانگەشەکردن بۆ چاکسازیی سەرەتایی و چەسپاندنی دادپەروەریی لەچوارچێوەی سیستمە سیاسییە هەنوکەییەکەدا وەرس بوون و گەیشتبوونە بنبەست.

لێرەدا، ڕۆڵی ئەو سەرکردانە هاتەپێش کە چالاکانە کاردانەوەیان لەهەمبەر ڕووداوەکاندا نواندو بوونە بەشێك لە سەرکردایەتیی

شۆڕشەکە، ئەو سەرکردایەتییەی هەڵقولاوی تەنیا چین و توێژێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت نەبوو، بەڵکو لەهەناوی توێژگەلێکی جیاوازەوە سەریدەرکرد، وەك لای خوارەوە:

١- ئەهلی بازاڕ لە دوکانداران و کاسپکاران و سەرۆکی دەستەو سەندیکا پیشەییەکان، ئەوانەی پێشەنگی بنەڕەتیی و توێژی هەرە چالاکی شۆڕشەکەیان پیکدەهێنا، کە پێویستییە داراییەکانی شۆڕشەکەیان دابینکردو بەشدارییان لە تەیارکردنی خەڵکی شارەکان لە چینەکانی ناوەڕاست و هەژارو زەحمەتکێشان کرد، ئەمانە پەیوەندییەکی بەهێزیان بەتەواوی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێرانییەوە هەبوو، بەتایبەت، پیاوانی ئاینیی یاخود ڕۆحانییەکان، دیارە لەنێوان ئەم دوو دەستەیە پەیوەندی زۆر بەهێزی ئاینیی و ئابوری و دارایی هەبوو. نمونەی دیاری ئەم توێژە، کەسایەتیی وەك حاجی محەمەد حسێن ئەمین ئەلزەرب بوو

٢- ڕۆحانییەکان و زانایانی ئاینیی و وتاربێژانی مزگەوتەکان کە دژی دەربار بوون، نمونەی ئەوانە وەك: ئاخوند مەلا محەمەد کازمی خۆراسانی، شێخ عەبدولای مازندەرانی، مرزا حسێن خان خەلیلی تەهرانی، سەید کازمی یەزدی، سەید محەمەد تەباتەبائی، شێخ مەهدی سوڵتان ئەلموتەکەلمین، شێخ مەحەمەد سوڵتان ئەلموحەقیقین، سەید ئەسەدولای خەرقانی، شێخ ئیبراهیم زنجانی، سەید جەمال واعیز، هەروەها هەریەك لە شێخ محەمەد حەسەن ئەلنائینی و سەید حەسەنی تەقیزادە ڕۆڵێکی نکۆڵیی لێنەکراویان لەشۆڕشەکەو ڕێبەرایەتییکردن و



ئاراستەکردنی مانگرتنەکان و بەهێزکردنی وەرەی شۆڕشگێڕان و قسەکردن بەناوی ئومەت و بانگەشەکردن بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمکاریی و گەندەڵیی و سنوردانان بۆ دەستێوەردانی بێگانەو چەسپاندنی دادپەروەریی و کارکردن بۆ پاراستنی ئاین و جێبەجێکردنی شەریعەت و چاککردنی ژیانی خەڵك و وڵاتدا بینی. شایەنی باسە، ڕۆحانییەکان، دیدو بۆچونی تایبەتی خۆیان هەبوو سەبارەت بە چەمکەکانی ئازادیی و یەکسانیی و پێشکەوتن کە نەك هەر لەوانەی غەیری خۆیان جیاواز نەبوون لەرووی مەسەلە فیکریی و سیاسییەکان سەبارەت بە شۆڕشەکە، بەڵکو لەنێو خۆشیاندا دابەشبوون و جیاوازییان هەبوو. [٢٣]

٣- هەروەها ژمارەیەك خان و سەرۆکخێڵیش وەك : حاجی نەجەفقولیخانی سیمسامولسەڵتەنە و حاجی عەلیقولیخانی سەردار ئەسعەدی بەختیاری لەخێڵەکانی قاشقایی و بەختیاریی، ڕۆڵی دیارو بەرچاو و چارەنوسسازیان لەشۆڕشی مەشروتییەتدا هەبوو، لەبەرئەوەی کە بە مەزنترین هێزی چەکداری سەر شانۆکە دەژمێردران، هەربۆیە بەشدارییەکەیان سەرکەوتنی شۆڕشەکەی مسۆگەرکرد. [٢٤]

[23] عبدالهادی حائری، تشیع و مشروطیت در ایران و نقش ایرانیان مقیم عراق، تهران ١٣٦٤ .، دکتر جمشید فاروقی ، روحانیون سیاسی یا اسلام سیاسی- چند نکته پیرامون نقش روحانیون در انقلاب مشروطه، فصلنامه تلاش ، ١٥ مرداد ١٣٨٥.

[24] بۆزیاتر سەبارەت بە ڕۆڵی خێڵەکانی بەختیاریی بەرابەری سەردار ئەسعەدو کشانیان بەرەو ئەسفەهان و ڕۆیشتنیان بۆ تاران و هەروەها هەڵاتنی شای ئێران بۆ سەفارەتخانەی روسیی،

٤- دەســـتەبژێری ڕۆشـــنبیری• ئێرانیـــی لـــە ریفۆرمیـــست و ئەنتێلێجێنسیای پێشکەووتوخواز، پێشەنگانی چاکسازیی و نوێگـــەرایی کـــە ڕۆڵێکـــی هـــەرەدیارو پڕبایـــەخیان لـــە زەمینەخۆشـکردنی فیکریـی و ئایـدیۆلۆژیی بـۆ گۆڕانکـاڕیی سیاسیی و کۆمەڵایـەتیی و فەرهـەنگیی لەکۆمـەڵگای ئێرانییـدا هـەبوو، ئەوانـەی چـەمکی نـوێی وەك : (وەتـەن/نیـشتیمان) ، میللەت، قانون، ئازادیی، (حقوقی مردم/ماف گەل)، مەجلیسی میللی، ئینتیخابات، دیموکراسی، ئیرادەی میللەت ، حکومـەتی میللـی، وەکیلـی میللـەت، (ئخـووەت/برایـەتی)، (حقـوقی تـەبیعی/مـاف سروشـتی)، ئیـستیقلال، جـەمهوری، پۆڵـەتیك، قەومیەت، (مساوات/یەکسانی) و هـەروەها (انقلاب/شۆڕش) و زۆری دیکـە لـە چـەمکە نوێکـان هێنایـەئارا کـە پێـشتر لـە ئـەدەبیاتی سیاسـیی ئێرانیـی و زمـانی فارسـییدا نـەبوون یـان بەشـێوازە هاوچـەرخەکەی بەکارنـەدەهێنران، ئـەو چـەمکانەی دواتـر بوونـە چـەمکە بنەرەتییـەکانی ئامانجـەکانی شۆڕشـی

---

بگـەڕێرەوە بـۆ: گـارثویـت.جن راف، تـاریخ سیاسـی و اجتمـاعی بختیـاری ، ترجمـە مهراب امیری، چاپ اول ، نشر سهند، تهران، ١٣٧٣، ص ٢٥٧-٢٦٣.

• یەکەمین ئامـاژە بۆ ڕۆشەنبیری هاوچـەرخ لەلایـەن مـیرزا ئاقاخـانی کرمانییـەوە بـوو لەشـێوەی چەمکی (منەوەرولعقول) ، ئەو وتی: ئەگەر دە پیاوی بەئاگاو خوێنـدەوار یـان فەیلەسـوف لـەنێو میلەتێکدا هەبی باشترە لە دە ملیۆن خەڵکی نەزان و گەمـژە". دواتـر ئـەو چـەمکە گـۆڕا بـۆ " منـەوەرولفیکر" و دواتـریش بـۆ "رافیعولخـەرافات" و پاشـتر بـۆ "ڕۆشـەنفیکر" کـە لـەزمانی فارسییدا پشتی پیێ بەستراوە. بڕوانە:

Gheissari, Ali, Op .cit , p15.



مەشـروتییەت لـە ئێرانـدا. ئـەم دەسـتەبژێرە کاریگـەریی ئـەو فیکرگەلـە ریفۆرمیـستی و شۆڕشـگێڕیی و دیموکراتییانـەیان لەسـەر بـوو کـە لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا لەئـەوروپاو بەتایبـەت لەفەرەنسا و بریتانیا بەربڵاوبوو،[25] ئەو فیکرگەلانـەی بناغـەی هۆشیاری سیاسیی ئەو دەستەبژێرەی ڕەنگڕێژکردبوو، ئـەوەی بـە ڕەخنـەکردن لەسـتەمکاریی و هێرشـکردنە سـەر ڕژێمـی سیاسـی و ئـەو پـشێویی و دواکەوتوویـیـە کۆمەڵایـەتیی و ئاینییـە دەسـتپێکرد، بەپـشتبەستن بـەبیروباوەڕی چـەندین بیرمەنـدان و فەیلـسوفانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتیی ڕۆژئـاوایی وەك: ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، مۆنتسیکیو و ئۆگۆست کۆنت و چەندانی دیکـە. ئـەو دەسـتەبژێرەی، وێـڕای بـچووکی قەبارەکـەی، وەك پردێك بۆ گواستنەوەی بیروبڕوا ریفۆرمیستیی و دیمـوکراتی و لیبراڵـی و شۆڕشـگێڕییەکان بـۆ نێـو کۆمـەڵگای ئێرانـی هەڵسوڕان، بـەوەش بەشداریيکرد لـە بڵاوکردنـەوەو رسـکاندنی هۆشـیاریی و فەرهـەنگ و بـەهای سیاسـی و کۆمەڵایـەتیی نـوێ لـەنێو دانیـشتووانی شـارە گـەورەکانی ئێرانـدا، بەشـێوەیەك

---

[25] بۆزیاتر:

عبدالرحیم ذاکر حسین، الأدب السیاسي الایراني، ج١، طهران، ١٣٧٧. هەروەها

N. Jameel , The great French Revolution and establishment of concept (Law) and Freedom in Iran second half XIX Perespectiv )Tbil isi, 2007.

چاوی لەهەمبەر ئەو ڕووداوانە کردنەوە کە لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا ڕوویدەدا، ئەوەی لەلای خۆیەوە بووەهۆی زێدەبوونی هۆشیاریی و هەستی هاوبەشی بە خراپی ڕەوشە سیاسی و ئابورییەکەو وایکرد بگلێنە نێو شۆڕشێکەوە بۆ کۆتاییهێنان بەستەمکاریی و گەندەڵکاریی و دەستێوەردانی بێگانە و سەرەتا بە بانگەشەکردن بۆ دادپەروەریی دەستیپێکردو دواتریش کەوتە داوای بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا. ئەم توێژە لەگەڵ بازرگانان و ڕۆحانییەکاندا سێکوچکەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشی مەشروتییەتیان پێکدەهێنا.[٢٦]

---

[26] لەو توێژینەوە بەهادارانەی سەبارەت بە شۆڕشی مەشروتییەتی ئێرانیی بەزمانی عەرەبیی نووسراون ، بڕوانە:

الدكتورة فرح صابر، المثقفون الايرانيون من التأسيس الى الثورة . الثورة الايرانية نموذجاً، دار الكتاب العربي، مؤسسة الصفاء للمطبوعات بيروت–لبنان.



## کەڵەکەبوونی فەرهەنگی گۆڕا نخوازیی و بەرهەڵستکاریی

"یا مردن یان نوێبوونەوەو چاکسازیی
نیشتیمان هەر دوو بژاردەی لە پێشە
ئێران تەواو پەڕپوت و وێرانەیە
تەنیا نوێگەرییە دەرمانی ئێشە (ملك الشعرا بهار دیوان_ج١_ل ٢٧٨ )

بیروبڕوا ڕۆژئاواییەکانی (دیموکراتی و نەتەوایەتیی) ڕۆحی شۆڕشی مەشروتییەتییان لە ئێران پێکدەهێنا، ئەوە داوای دەوڵەتێکی پاشایەتیی دەستوریی بەدەزگاییکراوی ناوەندگەرای بەهێزی دەکرد کە کار بۆ چاکسازیی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابوری بکات و بەڕووی دەستێوەردانەکانی بێگانەدا بوەستێتەوە، ئەو بیروبڕوایانەی کە لەڕێگەی کۆمەڵێك کەناڵی جۆراوجۆرەوە لەئێراندا بڵاوبووەوە و لەماوەیەکی کاتییدا کە چەندین دەیەی خایاند، هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستیپێکرد، لەکاتێکدا کۆمەڵگای ئێرانیی بەدەست هەژاریی و نەخوێندەواریی و پاشکەوتووییەوە گیرەوە ببوو، هەروەها لەژێر باری گرانی ستەمکاریی سیاسی و ئاینیی و چینایەتییدا دەینالاند کە فەرهەنگی ملکەچیی و خۆسپاردن بەقەزازقەدەرو تەسلیمگەرایی تێیدا باڵادەست بوو، کەمینەیەك جڵەوی زۆرینەو چارەنووسیانی بەدەستەوە بوو بێئەوەی پشت بەهیچ یاسایەکی نووسراوی حوکمڕانی ببەستێت و هەموو سەرچاوەکەی تەنیا شەریعەتی ئیسلامی بوو. شای قاجار هەموو دەسەڵاتەکانی لەچنگی خۆیدا کۆکردبۆوەو هیچ چاودێرییەك لەسەر جیاوگ و

سنووری دەسەڵاتەکانی نەبوو، هەروەها بە بێ بەشداری خەڵك بڕیارەکانی بەتەنیا وەردەگرت و فەرمانەکانی وەك یاسا دەسەپێنران و جێبەجێدەکران بێئەوەی کەس مافی ڕەخنەکردن و قسەلەسەرکردنی هەبێ، ئەویش بەپشتبەستن بە بنەمای (پاشایەتیی پیرۆز). [27] بەڵام هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوەو بەهۆکاری پەیوەستەگیی ئێران بەئابوری سەرمایەداریی جیهانییەوەو هاتنەناوەی نفوزی وڵاتانی مەزنی ئەوروپیی وەك ( روسیا و بریتانیا) بۆناوچەکە، ئێران کەوتە بەر ئالەنگاریی و فشارێکی گەورە کە کاریگەرییەکی قووڵی جێهێڵا بەچەشنێك پایەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای لەرزاند. هەروەها لاوازیی بونیات و ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتیی و دەسەڵاتداریی حکومەتێکی ستەمکار بەسەر ئابوریداو ئەو گەندەڵییە کارگێڕییەی هەبوو، لەمپەرێکی بەڕووی پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتیی پێکهێنابوو کە ستەم و زۆرداریی زیاتری بۆ بارگان و پیشەگەرو کاسپکارەکان لەشارەکان و هەروەها جووتیارانیش لە گوندەکاندا لێکەوتەوە. هەر لەو کاتەوەو لەرێگەی چەندین کەناڵی جیاوازیشەوە، فیکری نوێ سەبارەت بە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی چاکسازیی و نوێگەرایی و عەقڵانییەت و پێشکەوتووخوازیی و گۆڕانکاریی و مەشروتییەت و ئازادیخوازیی بەنێو جەستەی کۆمەڵگای ئێرانییدا بڵاودەبوٶوە. کەڵەکەبوونی فەرهەنگیی و

[27] یروند ابراهامیان ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧-٤٥.، فریدون آدمیت، ایدیولوژی نهضت مشروطیت ایران، تهران، ١٣٧٨، ص ٣١٧-٣١٨.



بڵاوبونەوەی ئەم بڕواو فیکرگەلانە هەستێکی نویی هێنابووە ئارا سەبارەت بە بەدیهێنانی گواستنەوەوە بەرو سیستمی دەستوریی و دامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخ لەئێران.

سەرەتای هەوڵەکانی چاکسازیی لەدەوڵەتی قاجارییدا پەیوەستە بەناوی عەباس میرزا( ١٧٨٨-١٨٣٣)ی حاکمی ئازەربایجان و کوڕەگەورەی فەتح عەلی شاوە (١٧٩٨-١٨٣٤)، کەپاش ئەوەی ئەو هەموو زیانە مەزنانەی بەچاوی خۆی بینی کە لەئاکامی جەنگەکاندا لەگەڵ روسیا بەسەر ئێراندا هاتبوو، بەپێویستی زانی هەوڵەکانی خۆی بۆ نوێکردنەوەی لەشکری ئێرانی بەشێوازی ئەوروپییانە چڕبکاتەوە. بەوشێوەیە، نێردە سەربازییە فەرەنسیی و بریتانییەکان هاتنە ئێران بەمەبەستی هاوکارییکردنی لەراهێنان و رێکخستنەوەی هێزەکانی بەهەمان ئەو شێوەیەی سوڵتان سەلیمی سێیەمی عوسمانیی (١٧٨٩-١٨٠٧) پێی هەستا، بەڵام چاکسازییەکی بەمشێوەیە بێ ئەنجامدانی چاکسازیی هاوشێوە لەبوارە کارگێڕیی و دارایی و ئەوانەی دیکەدا ئەستەم بوو. باڵادەستیی سەربازیی روسیاو سەرسوڕمانی عەباس میرزا بە بەکارهێنانی تاکتیك و زانست لەبواری سەربازییدا وایکرد بەروسیا سەرسام بێت، هەربۆیە عەباس میرزا دوو نێردەی زانستیی رەوانەی بریتانیا کرد، یەکەمیان لەساڵی ١٨١١دا، کە دوو لاوی ئێرانیی لەخۆگرتبوو نێردرابوون بۆ فێربوونی هونەرو زانستە نوێیەکان. سەبارەت بە نێردەی دووەم، لەساڵی ١٨١٥دابوو، کە پێنج کەسی دەگرتەخۆ، بۆ توێژینەوە لە بواری ئەندازیاریی و زمانەکان و زانستی سروشتیی و مێژوو و چۆنێتی فێربوونی تۆپهاوێژیی، هەروەها داوای وەرگێڕانی دوو کتێبی کرد بەناونیشانەکانی " مێژووی

**پێترۆسی مەزن" و " هۆکارەکانی داڕمان و کەوتنی ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی"، هەروەها توێژینەوە لە بورای هونەری ئاسنگەریی، هەروەها بەهاوکاریی نێردەیەکی مسیۆنێری کریستیانیی، هەستا بەکردنەوەی خوێندنگایەکی نوێ لەتەبریز، بۆئەوەی منداڵانی موسوڵمان و کریستیانییەکان پێکەوە تێیدا فێربکرێن. هەروەها شازادە هەوڵیدا سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی دابمەزرێنێت لەڕێی ڕێگریی لەدەستوەردانی ڕۆحانییەکان لە کاروبارەکانداو ویستی گۆڕانکاریی ریشەیی لەسیاسەتی دەوڵەت لەهەمبەر ئەوانەدا بێنێتەئارا.** [28] **هەرچەندە، ئەو چاکسازییانەی عەباس میرزا ئەنجامیدا سنوردارو لەسەرەوە ئەنجامدرابوون و ئاکامبوون نەك هۆکار، بەڵام ئەم چاکسازییانە سەرنجی بۆ پێویستیی گۆڕانکاریی راکێشا.**

**ئێران لەسەردەمی ناسرەدین شادا (١٨٤٨-١٨٩٦) هەوڵگەلێکی چاکسازیی جیدیی بەخۆوە بینی کە لەسەردەستی محەمەد تەقیخانی فراهانی ناسروا بە (ئەمیرکەبیر) دەستیپێکرد، ئەوەی سیمبوڵێکی بەرایی بوو بۆ ئەو کاربەدەستە رۆشنبیرانەی بەهەستێکی پڕجۆشەوە درکیان بەوە کردبوو کە چاکسازیی وڵات و پەرەسەندنی بی کرانەوەی بەڕووی جیهانی دەرەکیی و بەدەستهێنانی زانستی نوێ نایەتەدی. ئەمیر کەبیر، پێش ئەوەی پۆستی سەدارەت (١٨٤٨-١٨٥٢) وەربگرێ، بە گەشتێك سەردانی روسیا و دەوڵەتی عوسمانیی کردو ئەو**

[28] **بۆ زیاتر: نجمی، عباس مرزا، چاپ اول، بهار ، ١٣٧٤ .، مصطفی موسوی طبری، عباس مرزا قاجار، شرح حال و سیاست و خدمات أو ، تهران، انتشارات ابن سینا، ١٣٥٣.**



**چاکسازیی و پێشکەوتنەی لەوێ هەبوو،** [29] **بەربەراورد بە دەوڵەتی ئێران، کاری تێکردبوو، هەربۆیە بە بەراورد بە عەباس میرزا، پیاوێکی دنیادیتەترو چاکسازییەکانیشی کاریگەرترو قووڵتر بوون، بەچەشنێك تەواوی جومگەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایان گرتەوە، هەر لە لەشکرو کارگێڕیی و ئابوری و دادوەری و داهێنانی سیستمی تەلەگراف و بایەخدان بە روخساری شارەکان و کەمینە ئاینییەکان و تەندروستیی گشتیی و سنوردانان بۆ دەسەڵاتی بیانییەکان و هێنانەناوەوەی فێرکردن و پەروەردەی هاوچەرخ و سیماکانی ژیانی هاوچەرخ لەئێران، تەنانەت دەوترێ کە ئەو بیری لەدانانی دەستورێکیش بۆ حکومەت کردۆتەوە.** [30]

**لەوانەیە دیارترین کاری کە لەم رووەوە ئاماژەی بۆ بکرێ بریتی بێت لەدامەزراندنی (دار الفنون/ خانەی هونەر) لەتاران لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٨٥١دا، ئەوەی ساڵانە پێشوازی لە ٢٥٠ خوێندکار دەکرد کە زۆرینەیان کوڕی خیزان و بنەماڵە خانەدانەکان بوون، ئەو خوێندنگایەی ساڵانە چل خوێندکاری سەرکەوتووی بۆ خوێندن و فێربوونی زمان و زانستە جۆراوجۆرەکان رەوانەی ئەوروپا دەکرد، بەوەش ئەم خوێندنگایە رۆڵێکی کاریگەری لە رابونی ئێراندا بینی و بەڕاستیی مەشخەڵی زاست و ئەدەب و روناکیی فیکریی لەتاریکایی ستەمکاریی قاجارییدا، بەشێوەیەك لەماوەی ٤٠ ساڵدا ١١٠٠ خوێندکاری پێگەیاند کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و رۆشنبیریی**

[29] Bernard Lewis, The Emargence of Modern Turkey, 2nd ed. ( London : Oxford University Press, 1969), pp.83-84.

[30] **فریدون آدمیت ، أمیر کبیر و ایران، قسمت اول، طهران، ١٣٢٣،ص ٢٤٥-٢٦٠ .**

**و زانستیان گرتەئەستۆی خۆیان، [31] هەروەها ئەوانە بەرزترین پۆست و پێگە حکومییەکانیان وەرگرت و بەشدارییەکی چالاکیان لە رابونی فیکریی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا کردو لەنێویاندا رەگەزگەلێك دەرکەوتن کە بانگەشەی نوێخوازیی و چاکسازییان دەکرد، ئەوانە لەماوەی دوو نەوەدا، کاریگەریی مەزنیان لەکایەی وەرچەرخان و گۆڕینی فەرهەنگیدا هەبوو.**

**شایەنی باسە، هێنانی چاپخانە[32] بۆ ئێران لە١٨١٢دا، هەروەها پەرەسەندنی چاپەمەنی و رۆژنامەوانیی و جوڵانەوەی وەرگێڕان پاش دامەزراندنی دارئەلفنون، کاریگەریی زێدەی لەسەر بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریی و زانست و دەرکەوتنی رای گشتیی و تەیارکردنییدا هەبوو، بەتایبەت پاش نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم. [33] لەڕاستیدا، یەکەمین ناوەندی چاپەمەنی بەزمانی فارسیی لەتەبرێز**

---

[31] **محمد محیط طباطبایی، دار الفنون و أمیر کبیر ، تهران، ١٣٥٤، ص ١٨٦–١٨٧.**

[32] سەبارەت بە دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە لەئێران بڕوانە:

**یحیی آریان پور، تاریخ ١٥٠ سالەی ادبی فارسی ، تهران، أمیر کبیر، ١٣٥٤، ص ١٨٦-١٨٧.**

[33] بندکت ئەندەرسۆن، دامەزراندنی چاپخانە و بڵاوبوونەوەی رۆژنامە ئەهلییە سەرمایەدارییەکان بەفاکتەرێکی گرنگ لەدەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەندێشەی نەتەوایەتیی وەك گروپگەلێکی وێناکار لەنێوان گەلاندا ئەژماردەکات، ئەویش لەرێگەی شکاندنی چەقبەستوویی فیکریی و فەرهەنگیی و بەهێزکردنی رایەڵەکانی پەیوەندیی و پەیوەستەگیی لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵگاو دەرکەوتنی رای گشتیی. بڕوانە:

Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflection on the Origin and Spread of Nationalism (London, 1983).



**دامەزرا لەساڵی ١٨١٤، دووەمیش لە ساڵی ١٨٢٤ لە تاران دامەزرا، پاشتر چاپخانەی بەردیی هێنرا بۆ تەبرێز لەساڵی ١٨٣٥ و بۆ تارانیش لە ١٨٤٤دا، پێدەچێ دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی ئێرانیی بەناوی (روزنامه وقایع) لەشوباتی ١٨٥١دا، کە پێشتر لە تەبرێز لەساڵی ١٨٣٧ بەسەرپەرشتی میرزا ساڵح شیرازی دەردەچوو و دواتر وەستێنرا، بەڵگەیەك بێت بۆ ئەوەی ئێران رێگەی رابوونی گرتبۆبەر.**

**نزیکبوونەوە لەئەوروپا بووەهۆی سەرهەڵدانی هونەری یاداشتنامەو گەشتنامەکان، ئەوەی سەرنجی ئێرانییەکانی راکێشا و ئەو پێشکەوتننامەی پێناساندن کە لەئەوروپا لەبوارەکانی دەزگا سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بەدیهاتبوون. هەروەها نزیکبوونەوەی ئەوروپیی لەگەڵ تاران، بووەهۆی دەرکەوتنی وەرگێڕان و بەکارهێنانی کتێبە ئەوروپییەکان لەزانست و بوارەکانی تری فەلسەفەو سیاسەتدا.**

**لەم رووەشەوە، هەریەك لە : عەبدول لەتیف موسەوی شۆشتەری، میرزا ئەبولحەسەنی شیرازی ناسراو بە(ئێڵچی)، ئاغای ئەحمەدخانی بەهبەهانی، زەینەل عابدین شیروانی، میرزا ساڵح شیرازی بیرەوەریی گەشتەکانی خۆیان نووسییەوە. ئەوەی یەکەمیان کە ساڵانێکی زۆر لە هند ژیابوو، یاداشتنامەکەی خۆی بەناونیشانی " توحفەتولعالەم" بڵاوکردەوە، ئێڵچیش کە پۆستێکی دپلوماسی ئێرانیی لە لەندەن هەبوو، پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، بیرەوەرییەکانی خۆی بەناونیشانی " حیرەتنامەی سوفەرا" بڵاوکردەوە، هەروەها ئاغا ئەحمەدخانی بەهبەهانیش "ئاوێنەی ئەحواڵی عالەم" ی بڵاوکردەوە، ئەمانە وێنەیەکی روونیان سەبارەت بە زۆر شت بڵاوکردەوە کە پەیوەست بوو بە رووەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوایی، وەك : پێشکەوتنەکانی بواری**

پزیشکیی، هێزی سوپاکان، چاکسازییە ئاینییەکان، پیشەسازیی، سەربەخۆیی دەزگاکانی دادوەریی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، یەکسانیی هەمووان لەبەردەم یاسادا، بنەماکانی دیموکراسی، هەڵبژاردنی ئازادو سنوردارکردنی دەسەڵاتی پادشا و بوونی پارلەمان یان ئەنجومەنی گەل، ئەمەو جگە لە پەروەردەو فێربوونی هاوچەرخ و خوێندن بەخۆڕایی و رۆڵی زانایان و داهێنەران لەپێشکەوتنی زانیاریی و کۆمەڵگادا.

سوڵتان ئەلواعیزین لەیاداشتەکانی خۆیدا سەبارەت بە سیستمی دادوەریی نوێ لە ئینگلتەرا نووسیویەتی:" لەتەواوی یاساکانی ئەم تاقمە بالادەستی کەسێك بەسەر ئەوی تردا نیە، ئەگەر ئەوە روویدا کە پادشا یاخود یەکێك لەمیرو شازادەکان تاوانێك بەرامبەر یەکێك لەخەڵکەکە یان تەنانەت لەگەڵ خزمەتکارەکانی خۆشیدا بکات و ئەو کەسە لە دادگا داواکاری لەسەر ئەو دەستدرێژییە تۆمار بکات، دادوەر هەردووکیان لەبەردەمی خۆیدا رادەگرێ تاکو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کێشەکەیان یەکلایی بکاتەوە"[34]. هەروەها، سوڵتان ئەلواعزین باسی ئازادیی رۆژنامەگەریی و دەرخستن و رەخنەکردنی واقیعی ژیانی بەرپرسان و شازادەکان و دەسەڵاتداران لە رۆژنامە ئەهلییەکاندا کردووە، بێئەوەی نووسەرانی راوەدوبنرێ، هەروەها باس لە رۆڵی نوێنەرانی گەل لە یاساسازیی و بڕیارسازیی سیاسیی لەنێو

34 وەرگیراوە لە : لطف الله آجودانی ، روشنفکران ایران در عصر مشروطیت، چاپ دوم ، تهران ، ١٣٨٧، ص ١٢



ئەنجومەندا دەکات، بێئەوەی پاشا بتوانێت تاکڕەوانە ویست و بڕیاری خۆی سەبارەت بە دەوڵەت و کۆمەڵگا بسەپێنێت.[35]

ئەبوتالیبی بەهبەهانیش، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بەجیاوازیی نێوان ئێران و هێندێك لە ولاتە پێشکەوتووەکان لەکتێبەکەیدا نووسیوە کە بەناونیشانی " مینهاجولعولا" بلاویکردۆتەوە. ئەو لەو کتێبەیدا داوای لەبەرپرسانی ئێرانیی لەدەرەباری قاجارییدا کردووە سەردانی ئەو ولاتانە بکەن، تاکو بەچاوی خۆیان ئەو پێشکەوتننانە ببینن کە ئەو ولاتانە بەخۆیانەوە بینیوەو هەست بەرەوشی ناهەمواری ئێرانییەکان بکەن لەسایەی حوکمی قاجارییدا. بەهبەهانی، ئەو دۆخی پشێویی و پڕنەهامەتییەی لەئێران بۆ نەزانیی گەڕاندۆتەوە کە خەڵکەکەی تێدا دەژی و ئەو پێی وابوو کە سوود وەرگرتن لە زانستە پراکتیکییەکان و یاسا رۆژئاواییەکان کە چارەسەری گونجاون بۆ دواکەوتوویی و رێبازێکە بۆ گەشەکردنی ئێران. بە بۆچوونی بەهبەهانی " ئەوەی پێش هەموو شت رۆژئاوای کردۆتە رۆژئاواو رۆژهەلاتی کردۆتە رۆژهەلات بیرتییە لە ئازادیی، ئازادیش ئەوە نییە مرۆ دڵی هەرچییەکی حەز لێ بوو بیکات، بەڵکو ئازادییەکی دیارییکراو کە خۆی لە ئازادیی تاکەکەسیی و سیاسیی و بازرگانییدا دەبینێتەوە."[36] ئەو هەروەها دەڵێت: " مرۆ هەڵناسی بەئەنجامدانی کاری چاکسازیی و پیشەسازیی و کشتوکاڵیی

35 هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

36 هما ناطق و فریدون آدمیت، افکار اجتماعی و سیاسی و اقتصادی در آثار منتشر نشده ی دوران قاجار، چاپ اول، تهران، انتشارات آگاه ، ١٣٥٦، ص ٩٩.

تاكو تامی ئازادیی نەكات و هەستی پێ نەكات، چونكە ئەو خۆی لەپارێزراویدا نابینێتەوە. رزگاریی ئێران و هاوڵاتییەكانی خۆی لە ئازادییدا دەبینێتەوە...ئازادیی سیاسی واتە ئازادیی گەل لەدەستوەردان لەتەواوی كاروبارەكانی پەیوەندی بەخۆیەوە هەیەو هەموو ئەو مەسەلانەش كە بە بەرژەوەندییەكانی خۆیەوە تایبەتن." [37]

خانەی زانستەكان و وەرگێڕان تاكو كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، هەستا بەچاپكردن و بڵاوكردنەوەی زیاتر لە ١٦٠ كتێب، كە لەوانە ٨٨ یان سەبارەت بە بابەتە سەربازیی و زانستیی و پزیشكیی و زمانە بیانییەكان بوون و ١٣ سان لەبارەی ئەدەبی فارسیی و ٤ دانەیان ژیاننامەی كەسایەتییە ناودارەكانی ئیسلام و ١٠ كتێبیشیان گەشتنامە بوون، لەنێویاندا باس و گێڕانەوەكانی ناسرەدین شا كە تایبەت بوو بە گەشتەكانی بۆ ئەوروپا، ئەمەو جگە لە ١٠ كاری وەرگێڕان سەبارەت بە ئەدەبی كلاسیكی ئەوروپیی و ١٠ كتێبیش سەبارەت بە مێژووی ئێران، وێڕای ١٠ كتێبی وەرگێڕراو لەبارەی مێژووی رۆژئاواوە، وەك مێژووی رۆما، ئەسینا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، روسیا و بریتانیا. ئەمەو هەروەها ژیاننامەو كارەكانی ئەسكەندەری مەزن، پیترۆسی مەزن، شارڵی مەزنی پاشای سوید، لویسی چواردەیەم، نا پۆلیۆن و فریدریكی مەزنی پاشای پروسیا. پێدەچێ گرنگترین ئەو كتێبانەی كە زیاترین كاریگەریی لە وەرچەرخان و گۆرشانی فیكرو عەقڵ لەئێراندا هەبووبێت، بریتین لە : حیكمەتی ناسری، فەلەكولسەعادە، هەروەها جانەوەرنامە (ئەسڵی جۆرەكانی

[37] هەمان سەرچاوە، ل ١٠١-١٠٢.



داروین). لەمانە هەمووی ، ئەوەی یەكەم وەرگێڕانی نامەكەی (دیكارت) بوو كە سەبارەت بە چۆنێتیی بەكارهێنانی عەقڵە. ئەوەی دووەمیان، عەلیقولی میرزا ئیعتیزادولسەڵتەنەی وەزیری زانستەكان داینابوو. چاپكردنی نامەكەی دیكارت بەسەرپەرشتیی (كۆنت دۆگینۆ) ی باڵیۆزی فەرەنسا بوو، ئەوەی دواتر باسی لەكاریگەریی ئەم كتێبەی لەسەر فیكری خوێندكارانی دارولفنونو ئێنتێلێجنسیای ئێرانیی كردووە. باڵیۆزی فەرەنسا، بیروبۆچوونەكانی دیكارتی لەگەڵ ئەوانەدا، لە كۆبوونەوە تایبەتەكاندا گەنگەشە كردووەو سەرسوڕمانی خۆی لەپرسیارو لێكدانەوەكانی ئەوانە پێشانداوە كە بەپشتبەستن بە بیروبۆچونەكانی كەسانی وەك (سپینۆزاو كانت) دەیانكرد. ئەو دەڵێت: كەس بڕوای نەدەكرد كە ئەمانە بەو شێوەیە ئاگاداری ئەم فیكرە رۆشنگەرییانەو ناوی ئەو فەیلەسوفە ناودارانە بن، ئەوان، ئەو زانیارییانەیان لەكتێبێكەوە بەدەستهێنابوو كە لە مەملەكەتی ئەڵمانیاوە بۆ ئێرانیان هێنابوو. كتێبی فەلەكولسەعادەش، بابەتگەلێكی سەبارەت بە بیری زانستیی شیكاریی گرتبووەخۆ بەپشتبەستن بە توێژینەوەكانی (نیوتن) و بۆچوونە بەرایییەكانی پێش ئەو هاوشێوەی (بیرونی و فارابی). [38]

[38] ادوارد براون، تاریخ مطبوعات و ادبیات ایران در دورهء مشروطیت، ترجمەی محمد عباس، جلد٢، تهران، ١٣٣٦، ص ١٢٦-١٢٧.، فریدون آدمیت، اندیشهء ترقی و حكومت قانون . عصر سپهسالار ،چاپ سوم ، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، تهران، ١٣٨٥، ص ١٧-٢٥ .

هەروەها حاجی میرزا محەمەد مەجدی سینەکی (١٨٠٧-١٨٧٢) نامەیەکی بەناونیشانی " کەشفولغەرائب" لەساڵی ١٨٧٠دا، دانا، کە بە نامەی مەجدیە ناسراوەو دواتر لەچاپدراوە، ئەم نامەیە مەزنترین و پاراوترین جۆرەکانی پەخشانی فارسیی هاوچەرخە کە رەوشی نالەباری کۆمەڵایەتیی ئێرانی لەسەردەمی ناسرییدا بە دیدێکی رەخنەیی و واقیعی و بەزمانێکی فارسی پاراو وێناکردووە[39]. هەروەها لە کۆتا دەیەی حوکمڕانی ناسرییدا، پێنج رۆمانی فیکریی و رەخنەیی کۆمەڵایەتیی وەرگێڕراو چاپکرا کە بابەتی بایەخداری وەك : بەعەقڵانییکردنی سیاسەت، فەلسەفەی مافە سروشتییەکان، جوڵانەوەی نەتەوایەتیی رزگارییخوازیی، بەدکارییەکانی ستەمکاریی، حوکمڕانی ژیرانە، دادپەروەریی، لەخۆگرتبوو، ئەم رۆمانانە وەك : چیرۆکی تیلماکی لاو، کە لەنووسینی نووسەری فەرەنسیی ناسراو (فنلون) بوو و لەلایەن میرزا عەلی خانی نازیمولعلومەوە وەرگێڕابوو، ئەوەی خوێندنی خۆی لەفەرەنسا تەواوکردبوو، هەروەها کاریگەریی فیکری نوێی لەسەر بوو. هەروەها " مەنتیق ئەلوەحش/ لۆژیکی وەحش" کە لەنووسینی نووسەری فەرەنسیی "کنتس دوسگوار" ە، هەروەها " قوبلەتولعەزرا / ماچی پاکیزە" کە چیرۆکی جوڵانەوەی رزگاریی گەلی چیکی بەرابەری "زتیزکا" دەگێڕایەوە و لەنووسینی رۆماننوسی ئینگلیزی (رینۆڵدز) بوو، لەلایەن حسێن خانی شیرازییەوە وەرگێڕرابوو. ئەمەو جگە لەکتێبەکەی " غرائب احوال الملل" ی

[39] ماشاء الله آجودانی ، یا مرگ یا تجدد (دفتری در شعر و ادب مشروطه) ، چاپ چهارم ،نشر اختران ، تهران، ١٣٨٧، ص ٦١-٦٢.



نووسەر میسری (رەفاعەتولتەهتاوی) کە ساڵی ١٨٧٦ لەلایەن میرزا حەبیبی ئەسفەهانییەوە لە عەرەبییەوە وەرگێڕابوو. بەڵام یەکێك لە پڕبایەخترین نووسینە رەخنەییەکانی ئەم قۆناغە، بریتیبوو لەو رۆمانەی کە حاجی زەینەلعابدینی مەراغەیی بازرگان بەناونیشانی " سیاحەتنامەی ئیبراهیم بێگ" لە ٣ بەرگدا نووسیبووی و بەرگی لەساڵی ١٨٧٦دا بڵاوکرایەوە. ئەم رۆمانە فیکرگەلێکی نوێ و رەخنەگەلێکی توندی لەکۆی رەوشە سیاسی و ئابوری و ئاینیی و ئەخلاقییەکەی کۆمەڵگای ئێرانیی گرتبووە خۆ، ئەوەی بەزمانێکی سادەی ئەوتۆ نووسراو کەلەلایەن هەمووانەوە بێ جیاوازیی مایەی پەسەندیی بوو، هەروەها کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر بیروڕای بازرگانان و چینی ناوەڕاست.[40]

هەرچەندە، ئەندێشە ریفۆمیستییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم جۆرێك لە سادەئامێزیی پێوەدیاربوو، هەروەها لەرووی بوونی ئامرازی زانستیی و تێگەیشتنی زانستییانەو فەلسەفییانەی وردی بۆ شەنوکەوکاریی هۆکارەکانی پێشکەوتنی رۆژئاواو دواکەوتوویی ئێران و خراپیی رەوشگەلەکەی کەموکورتیی تێدابوو، بەڵام بووە نمونەیەك بۆ چالاکیی ئەندێشەیی بۆ ئەو ئەندێشمەندو چاکسازو رۆشنبیرانەی لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا هاتن، بەتایبەت، ئەوانەی دواتریان زیاتر لەوانەی پێشوویان، هەستیان بەقووڵیی ئەو قەیرانگەلە کردبوو کە وڵاتەکەیانی پێدا تێدەپەڕی. ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەستەگیی و تێکەڵبوونەی لەگەل رۆژئاوادا

[40] فریدون آدمیت، ایدیولوژی نهضت مشروطیت ایران، ص ٥٢-٨٥.

هـاتبووه ئارابەشـێوەیەك عـەقڵی فـەرمیی و نافـەرمیی ئێرانیـی زیـاتر لەهـەرکاتێکی دیکـە، هەسـتی بـە پێویـستیی گۆڕانکـاریی و چاکـسازیی دەکرد.

شایەنی باسە، گروپگەلـە بەرهەڵستکارەکانی چاکسازیی و سیمبولە لەمپەرەکانی بەردەمی، [٤١] لەپێناو هێشتنەوەی دۆخە هەنوکەییەکەو تا دوا ڕادە سـوودوەرگرتن لـەو گەندەڵییـەی هـەبوو، دەستەوەسـتان رانەوەستان، بەڵکو کەوتنە پیلانگێڕیی و ژێربەژێر دژی چاکسازەکانی دەوڵـەت کەوتنـە تۆمـەتبارکردنیان بـە خوانـەناس و بابییـەت•، هـەروەك

[41] وەك : ئەمینولـسولتان ،فـەرهاد مـیرزا، حوسامولـسەلتەنە، مـستەوفی ئەلـەمالیك، مـیرزا ئاقاخـانی نـوری، ئـەمیر بـەهادور، حـەکیمولمولك و بەسیرولـسەلتەنەو خـەڵکانێکی دیکـە. زیلۆلسولتان، توانیبووی یەك لەرۆحانییە باڵاکانی ئێران کە (مـەلا عـەلی کـنی) قـازی دادگـا شەرعییەکان لەتاران بوو، لە دژی میرزا حوسێن خانی سوپاسالار راست بکاتەوە. کاتێك ئـەوەی دواییان رۆژنامەیەکی نوێی لەئێراندا دامەزراند، تێیدا باسی (ئازادیی) هـاتبوو، حـاجی عـەلی مـیرزا نامەیـەکی بـۆ ناسـرەدین شـا نووسـی تێیـدا هـاتبوو:" وشـەی (ئـازادیی) قێزەونـە، لەرووخساردا وەك وشەیەکی جوان و مـاقووڵ دەردەکەوێ، بەڵام لەناوەخندا هەمووی کەموکورتیی و ناشـرینیە، ئـەم مەسـەلەیە دژی هـەمووی ئـەحکامی پەیامبـەران و پیاوچـاکان و سـوڵتانە مەزنەکان و حوکمڕانانی پێگەی باڵایە". وەرگیراوە لە:

فریدون آدمیت، اندیشهء ترقی و حکومت قانون، ص ٢١٧.

• بابییەت، جووڵانەوەیەکی ئاینیی سیاسییە لەلایەن مـیرزا محەمـەد رەزای شـیرازییەوە (١٨١٩-١٨٥٠) دامـەزراوە، ئـەو بازرگانێـك بـوو لـەخێزانێکی ناسـراو لەسـاڵی ١٨٤٤، بـەنهێنیی جووڵانەوەکەی دەستپێکردو ئامانجی زیندووکردنەوەی ئەندێشەکانی "شەیخییەو کەشفییە) بوو کە پێش ئەو هەبوون. شیرازی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەرگایە بەرەو ئیمامی مونتەزەر، هەربۆیـە جووڵانەوەکەی ناوی بابییەتی لێ نرا. بەڵکو ئەو خۆشـی وا دائـەنا کـە پەیامبـەرەو ئیلـهامی بـۆ دێت. ئەو دوو کتێبی دانا بەناوی "بەیان" ەوە، لە ٩ی تەمـەزی ١٨٥٠دا، شـیرازی ئیعـدام کـراو



چۆن پێشتر بەگژ هەوڵـەکانی شازادە عـەباس میرزادا چوون و ڕێگـەیان لەهەوڵـەکانی گـرت کـە ببێتـە شـای ئێـران. هـەروەها ئەمانـە لـەوەدا سەرکەوتن کە متمانەی ناسرەدین شایان بەئەمیر کەبیر لەقکردو ئەوەش بووەهۆی دەرکردنـی فـەرمانی لابردنـی و دواتـر غافڵکوژکردنی لـە ١٢ی کـانونی دووەمـی ١٨٥٢دا. هـەروەها پـاش ئـەوەی میرزا حوسێن خـانی موشیرئەلدەولە لەساڵی ١٨٧١دا، پۆسـتی سـەدری ئـەعزەمی وەرگـرت و خوازیاربوو ئەندێشە چاکسازییەکانی لەبواری کـارگێڕیی و دادوەرییـدا بکاتەکردار [٤٢] و هانی ناسرەدین شای دا سەردانی وڵاتە رۆژئاواییـەکان بکـات، بۆئـەوەی بەچـاوی خـۆی ئاسـتی پێـشکەوتن و پەرەسـەندنی سیاسـی و مـەدەنی لـەم وڵاتانـەدا بەچاوی خـۆی ببینێـت و بـڕوا بـەوە بێنێت کە، کرانەوە بەرووی رۆژئاواو هەوڵی چاکسازیی و نوێسازیی و

لەماوەی دوو ساڵی دواتر دەیان هـەزار لەلایـەنگرانی کـوژران. ئـەوەی گرنگـە لـەم جووڵانەوەیـە ئەوەیـە کـە لـەئاکامی بـەربڵاویی زۆرداریـی و گەنـدەڵیی سیاسـیی و ئاینییـەوە سـەریهەڵدا و لایەنگرانی لەچینە هـەژارەکان بـوو کـە خـەونیان بـە یەکسانیی و ئـازادیی ژنـان و هاتنـەئارای سیستمێکەوە دەبینی کە " زەوی پڕبکـات لـە دادپـەروەریی پـاش ئـەوەی بـە سـتەم و زۆرداریـی پڕکرابوو"، ئەم جووڵانەوەیە لەگەڵ دەوڵەتدا کەوتە ململانێیەکی سـەختەوەو توانـای دەوڵـەتی تـا ئەوپەڕی لاوازکرد. بابییەکان پاش کوشتنی رابەرەکـەیان بوونـە دووبـەش، بەشـێکیان دانیـان بـە جێگرایەتیی میرزا یەحیا نوردا نا کە بە "سوبحولئەزەل" ناسرابوو، ئەوانی تریش کە زۆرینە بوون داننیان بە رەزا حوسێنی برایدا نا کە ناسرابوو بە "بـەهائولا" و پێیـان دەوتـرا "بەهائییـەکان" بۆزیاتر:

احسان الهی ظهیر، البابیة (عرض و نقد) ، لاهـور– باکستان ، ١٩٧٨ .، محمد رضا فشاهی، ، ل ٢١٦–٢٢٦.

[42] بۆزیـاتر سـەبارەت بـەکارە چاکـسازییەکانی مـیرزا حوسـێن خـان بڕوانـە: فریـدون آدمیـت، اندیشهء ترقی و حکومت قانون.

بنیاتنانی دەوڵەتی هاوچەرخ لەئێران ئاکامێکی ئەرێیی بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا دەبێت. بەڵام چونکە خوێنی ستەمکاریی بەدەمارەکانی ناسرەدین شادا دەڕۆیشت و بڕوای بەپاشایەتیی رەها و تاکڕەویی حوکمڕانیی هەبوو، هەر هێندەی لەچاکسازیی و نوێسازیی دەویست کە پێگەو شوێنی خۆی لەدەوڵەت و بەرامبەر کۆمەڵگادا قایم بکات. ئەو هێندە لەگەڵ ئەو چاکسازییە نێوخۆییاندا چووەپێش کە زیاتر کۆنپارێزو هێواشن و مسۆگەریی زێدەتری دەسەڵاتخوازییەکەیان دەکرد. ئەو کاتەش درکیکرد کە ئاکامی سیاسەتە چاکسازییەکان خەریکە پێگەو دەسەڵاتەکانی دەخاتە مەترسییەوە و چاو و مێشکی خەڵك سەبارەت بە ئەندێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەکاتەوەو وادەکات رەوشە هەنوکەییەکە پەسەند نەکەن و هانیاندەدات کە بەرەنگاری ببنەوەو بیگۆڕن، هەربۆیە ناسرەدین شا، هەستا بە لابردنی حوسێن خانی سوپاسالار لەساڵی ١٨٧٣و زنجیرەیەك هەنگاوی سەکوتکەرانەی نا بەئامانجی رێگرییکردن لەهەر ئەندێشەیەکی ئازاد. لێرەشەوە، شاو دەستوپێوەندەکەی، لەژیانی گشتیی ئێرانییەکان خۆیان دوورخستەوەو سیاسەتەکەی لەسەر بنەمای حوکمڕانی رەهاو تاکڕەویی بەرێوەچوو، بەشێوەیەك وەزیرەکانیش خاوەنی بڕیار نەبوون، ناسرەدین شا خۆشی ئەوەی زوو زوو بەگوێی دەستوپێوەندەکانیدا دەدا کە ئەو :" وەزیرانێکی دەوێت کە لەنێوان (برۆکسل) کە شارێکی ئەوروپاییەو (برۆکلی) کە سەوزەیەکی خۆراکییە، جیاوازیی نەکەن!". [43]

[43] الدكتورة فرح صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.



لەلایەکی ترەوە، ئێنێلێجێنسیای ئێرانیی رۆڵێکی مەزنی لە ئاراستەکردنی بیرو مێشکی لاوان و توێژی هۆشیاری ئێران بەرەو چاکسازیی و نوێسازیی هەبوو، هەر بە بێزراوکردنی حوکمی ستەمکاریی و تاکڕەویی لەحوکمڕانیی و هەروەها بەجەختکردنەوە لەسەر دەستوورو سەروەریی یاسا و کردنەوەی چاو و گوێیان بەرووی پێشکەوتنە زانستیی و فەرهەنگییە هاوچەرخەکان لەجیهاندا، ئەو توێژەی لە سۆنگەی بەئاگابوونی لە ئەندێشە هاوچەرخەکان و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگای ئەوروپییەکانەوە،بوونە فریادڕەسی ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتییە بێنەوایانەی کە ئەم توێژە لێوەی شکۆفەی کردبوو. ئەو توێژەی لەپێناوی گۆڕانی ریشەیی لەقەوارە سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکەی دەوڵەتی قاجاریی، بیریان دەکردەوەو کاریان دەکردو پلانیان دادەنا، هەروەها رۆڵێکی بەرچاویشیان هەبوو لەهاندانی رای گشتیی ئێرانیی دژی شا، بەوەی کە توانای رێبەرایەتیی حوکمڕانیی وڵاتی نییە، بەتایبەت دوای زێدەبوونی نفوزی ئەوروپیی. شایەنی باسە، توێژی رۆشنبیرانی ئیرانیی، سەر بە توێژگەلێکی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر بوون و بەسەر چەندین رەوتی فیکریی و سیاسی جیاوازی وەك لیبراڵی و دیموکراتی و سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیدا دابەشبوون، بەجۆرێك رێگەی ئەوەی لێگرتن ستراتیژییەکی فیکریی شۆڕشگێڕ بۆ گۆڕانکاریی دابڕێژن، هەروەها بەشێك لەو چاکسازو نوێگەرایانە لەهەناوی بونیادێکی فیکریی ئاینییەوە پشکوتوو بوون کە هەوڵی گونجاندنی سونەت و مۆدێرنەیان دەدا. گرنگترین ئەو رۆشنبیرە ئێرانییانەی رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان لە ئامادەسازیی عەقڵی ئێرانییەکان و بڵاوکردنەوەی

**فەرهەنگی ئازادیی و یەکسانیی و شۆڕشگێڕییدا هەبوو، بریتیبوون لە: میرزا مالکوم خان نازیمولدەولە، میرزا یوسف خان موستەشارئەلدەولە، مـیرزا فـەتح عـەلی ئاخنـدۆف، مـیرزا ئاغاخـانی کرمـانی، مـیرزا عەبدولرەحمان تالیبۆف، شێخ ئەحمەدی رۆحی، میرزا حەبیب خانی ئەسفەهانی، سەید جەمالوددینی ئەفغانی،**

**مـیرزا مـالکوم خـان (١٨٣٣-١٩٠٨)، بەرابـەری رۆحیـی و بـاوکی فیکریـی شۆڕشـی مەشروتییەتی ئێرانیـی ئـەژماردەکرێ . بـەگوێرەی کتێبی (تاریخ بیداری ایرانیان / مێژووی رابوونی ئێرانییەکان) رۆڵی مالکوم خان لە شۆڕشی مەشروتییەتدا، وەك رۆڵی رۆسۆ ڤۆلتێر وایە لـە شۆڕشـی فەرەنـسییدا.[44] مـالکوم لەسـۆنگەی خوێندنەکەیـەوە لـە فەرەنسا و کارکردنی لەکایەی دپلۆماسی و بوونی بە باڵیۆز لە پاریس و لەندەن و ئەستەمبوڵ بۆ ماوەی چەندین ساڵ ، هـەروەها کارکردنی وەك راوێـژکاری مـیرزا حوسـێن خـانی سوپاسـالاری سـەدری ئـەعزەم، ئاگاییـەکی زۆر بـەرفراوانی سـەبارەت بـە ئەندێـشە چاکـسازیی و نوێـسازییە رۆژئاواییـەکان هـەبوو، هـەروەها خـاوەن رۆشـنبیرییەکی بەرفراوان و زیرەکییەکی بیرتیژانە بوو، هیچ کەسێك وەك ئەو زانیـاریی لـەبارەی واقیعـی کۆمـەڵگای ئێرانییـەوە نـەبوو، مـالکوم خـان، لـەژێر کاریگـەریی ئەندێـشەکانی (ئۆگۆسـت کۆنـت) و فەیلەسـوفەکانی تـری رۆشـنگەریی فەرەنـسیی وەك رۆسـۆ و ڤـۆلتێرو مۆنتـسیکیو ئـەوانی دیکـەدا بـوو. هـەروەها کاریگـەریی لیبراڵیزمـی ئینگلیزیـی بەتایبـەت**

[44] **ناظم الاسلام کرمانی ، تاریخ بیداری ایرانیان، بە کوشش علی اکبر سعید سیرجانی، بنیاد فرهنگ، ١٣٥٧، ص ١٥٢.**



**لیبرالیزمی ئابوریی (جۆن ستیوارت میل)ی بەسەرەوە بوو. ئەو چەند نامەیەکی جیاوازی هەیە: " مەجلیسی تەزیمات"، " ندای عەدالەت" ،" ئـسوڵی تـەرەقی"، "مەزهـەب و دیوانیـان"، " مـەداخل و مـەخارج" ، "سیاسـەتی ئـیران چیـست"،" رۆشـنگەریی" ، "دەفتـەری قـانون"، هەروەها وتارگەلێکی زۆر کە کە لەرۆژنامەی "قانون" بڵاو دەکرایەوە، ئەوەی لە لەندەن چاپدەکراو بەنهێنیی دەهێنرایە ئێرانەوە.[٤٥]**

**مالکوم خان، ستەمکاریی سیاسی و حوکمڕانیی پاشایەتیی رەهاو نەبوونی دەوڵەتی یاسای بەهۆکاری بنەرشەتی ئەو بەدکارییانە دەزانی کە تووشی کۆمەلچگا و دەوڵەتی ئێرانیی ببۆوە، هەربۆیە لەنامەکانیدا داوای چاکـــسازیی و چەســـپاندنی پایـــەکانی سیـــستمێکی بەدەزگاییکراوی دەکرد کە پشت بەدەستوور و پارلەمان و دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری لێپرسراو لەبەرامبەر دەزگای یاسادانان ببەستێت. ئەو لەسەرەتای برەودانی بەئەندێشە ریفۆرمیستەکانی خۆی، بانگەشەی بۆ وەرگـرتنی نمونـەی سیـستمی سیاسـی رۆژئاواییـەکانی بەتـەواویی دەکردو لەو رووەوە بایەخێکی بۆ لەبەرچاوگرتنی مەسەلە ئاینییەکان و**

[45] **دکتر ماشاءالله آجودانی ، مشروطه ی ایرانی ، چاپ نهم، تهران ، ١٣٨٧، ص ٢٨١-٣٦٢.، محمد رضا فشاهی، المصدر السابق، ص٤٣٨-٤٦٨. لەگرنگترین ئـەو رۆژنامـە ئێرانییانـەی دیکـە کـە لـەم ماوەیـەدا لـە دەرەوەی ئێـران چـاپ و بڵاەودەکرانەوە بریتیبوو لە : "کمال" و "پرورش" و "حکمت" و "ثریا" و " چهره نما" لـە قـاهیرە، و "اختر" و "شاهسون" لـە اسطنبول، و "آزاد" و "حبل المتین" و "کلکتا" "مفتاح الظفر" و" راست کفتار" لە کلکتا- الهند ، و "مدرس فارسی" و "دعوة الأسلام" و "کوکب ناصری" لە بومباي-هندستان.**

تایبەتمەندیی کۆمەڵگای ئێرانیی نەدەکرد.[46] بەڵام دواتر پاش ئەوەی درکی بەرۆڵی ڕۆحانییەکان کرد لەهاندان و بەگژداچوونەوەی دەستێوەردانی بیانیی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاریی دەربار، ئەوسا ویستی لێیان نزیکبێتەوە و دۆستایەتییان بەدەستبێنی وبەرگێکی ئاینیی بەبەری بیروڕاکانیدا بکات و پیشانی بدات کە دیموکراتی و حوکمی دەستووری لەگەڵ نێوەرۆکی ئاین ناکۆکییان نییە، بەڵکو هاوجووتن بەچەشنێك شورا بۆخۆی دیموکراتییە و ئیسلام خۆی داوای دەوڵەتی یاساو دەستوورو هاوڵاتییبوون و دەوڵەتی بەرپرسیاری کردووە. ئەو لێرەوە دەستیکرد بەهێرشکردنە سەر ستەمکاریی قاجارییەکان و بانگەوازی بۆ ڕۆحانییەکان کرد لەسەر بنەمای (فەرمانکردن بەچاکە و ڕەتکردنەوەی خراپە) تێبکۆشن و هانی خەڵك بدەن بەگژ ئەو گەندەڵییە بەربڵاوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا ببنەوە.[47]

مالکوم خان هەمیشە لە نامەکانیدا جەختی لەگرنگی "یاسا" دەکردەوە، ئەو دەیوت:" ئێران پڕێتی لە نیعمەتەکانی خودا، ئەوەی ئەم نیعمەتانەی بێناوەرۆك هێشتۆتەوە نەبوونی یاسایە، هیچ کەسێك لە ئێران خاوەنی هیچ شتێك نیە چونکە یاسانیە، حاکم دادەنێن بێ یاسا، سەرتیپ لادەبەین بێ یاسا، مافەکانی دەوڵەت دەفرۆشین بێ یاسا، بەندەکانی خودا زیندانیی دەکەین بێ یاسا، خەزێنە دەبەخشین بێ

[46] لطف الله آجودانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢-٥٣.

[47] بۆزیاتر سەبارەت بە کەسایەتیی و خەباتی سیاسی و کاریگەری فیکری میرزا مالکوم خان بڕوانە: اسماعیل رائین ، مرزا مالکم خان "زندگی و کوشش سیاسی او"، چاپ دوم ، تهران، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٥٣ .



یاسا، سکی خەڵك دەدڕین بێ یاسا، لە هند ، لە پاریس، لە میسر، لە ئیسلامبول تەنانەت لەنێو تورکانیش هەرکەس دەزانێت مافەکانو ئەرکەکانی خۆی چین. لە ئێران کەس نیە مافو ئەرکی خۆی بزانێت کامەیە، فلانە موجتەهیدیان بە کام یاسا دەرکرد، موچەی فلان سەرتیپیان بە کام یاسا قرتکرد، فلان وەزیر بە کام یاسا ترۆکرا، فلان سەفیر بە کام یاسا لابرا، هیچ میرو شازادەیەك لە ئێران هێندەی خولامی باڵیۆزەکانی بیانیی لە ژیانی خۆیان دڵنیا نین".[48]

هەروەها مالکوم نووسیەیەتی :" ئەگەر بڕوات بە ئاین هەیە دوای یاسا بکە، ئەگەر لەلایەن دەوڵەتەوە قۆڵبەست کراوی دوای یاسابکە، ئەگەر ماڵت وێرانبووە داوای یاسا بکە، ئەگەر موچەت بڕاوە داوای یاسا بکە، ئەگەر پۆست و مافەکانی بەخەڵکانێکی تر فرۆشراوە داوای یاسا بکە، ئەگەر هەژاری...ئەگەر خاوەن خێزانی...ئەگەر شتێکت هەیە دوای یاسا بکە." [49]

هەروەها خاوەنی کتێبی "یەك کەلەمە/ وشەیەك" کە یوسف خانی موستەشارئەلدەولەی تەبریزیی (١٨٢٣-١٨٩٥) بوو، ڕۆڵێکی مەزنی لە بڵاوکردنەوەی ئەندێشەی دەستوورییدا هەبوو لەئێران، ئەم کتێبەی بە مانیفێستۆی دەستوورییەکان لەقەڵەم دەدرێت. یوسف خان پۆستگەلێکی دپلۆماسی لەدەرەوەی ئێران گرتبووە ئەستۆ و لەوڵاتەکانی روسیاو فەرەنسا کاری کردبوو، هەروەها چوارجار سەردانی لەندەنی کردبوو. ئەو کتێبەکەی لەکاتێکدا نووسی کە کە

[48] یرواند ابراهامیان ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢-٦٣.

[49] قانون ، ژمارە ٣، (شعبان ١٣٠٨/ ٢٢ مارس ١٨٩٠).

پۆستی هەڵسوڕاوی کاروباری وڵاتەکەی لەپاریس (١٨٦٧-١٨٧٠) لەئەستۆ گرتبوو.[50] ئەو نهێنیی پێشکەوتنی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانی لە یەك وشەدا پوختکردبۆوە کە ئەویش (یاسا) بوو، ئەوەی لەئێراندا هەرگیز بوونی نەبوو. یوسف خان موستەشار ئەلدەولە، کەسێکی رۆشنبیری بوێرو ئازادیخوا بوو، ئەو داخی لە ستەمکاریی سیاسی و دواکەوتنی کۆمەڵایەتیی بوو، لەژێر کاریگەریی ئەندێشەی لیبراڵی ئینگلیزیی و ئەندێشەکانی ئازادیخوازە روسەکانی سەدەی نۆزدەیەم و ئەندێشمەندە شۆڕگێڕە فەرەنسییەکاندا بوو. هەربۆیە لەو کتێبەیدا، کە وەرگێڕان و کۆمێنتدانە لەسەر دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٧٩١، کە جاڕنامەی گەردونی بەناوبانگی ماف مرۆڤی لەخۆگرتووە، هەستاوە بە رەتکردنەوەی حکومەتی ستەمکاریی و دەسەڵاتی شاهەنشاهیی و جەختی لەوە کردۆتەوە کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو ئاماژەشی بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و سیستمی هەڵبژاردن و کاندیدکردنی نوێنەران بۆ پارلەمان و هەروەها حوکمڕانی گەل لەلایەن گەلەوە کردۆتەوە. هەروەها ئاماژەی بە رۆڵی یاسا لەوڵاتانی پێشکەوتوودا کردووە لەبوارەکانی چەسپاندنی نەزم و دادپەروەریی و جێگیرییدا، بەچەشنێك تەنانەت بەرپرسە گەورەکانی

[50] سەبارەت بە ژیانی موستەشار ئەلدەولە بڕوانە:

ناظم الاسلام کرمانی ، تاریخ بیداری ایرانیان، المصدر السابق، ص ١٦٩-١٧٢.



دەوڵەتیش ناوێرن پێشێلی بکەن ، " تەنانەت پاشا و سواڵکەرێك لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن."[51]

یوسف خان لەنامەیەکدا بۆ میرزا موزەفەرەدینی وەلیعەهد، ئاماژەی بەپێشکەوتنی خێرای وڵاتانی دەوروبەر و ئیفلیجی تەواوی دەوڵەتی قاجار کردووە لەئاکامی کەمتەرخەمیی و گەندەڵیی بەرپرسەکانی دەربارو نەبوونی یاسایەکی هاوچەرخ کە مافگەلی تاکەکانی گەل رێکبخات و بیپارێزێت. هەروەها ئاماژەی بە رۆڵی پەروەردەی هاوچەرخ و دامەزراندنی خوێندنگا هاوچەرخەکان کردووە لەبڵاوکردنەوەی زانیاریی و زانست و بەگژداچوونەوەو نەهێشتنی نەزانیی و خورافات. ئەو دەڵێت :" پێگەی زانیارییە ئاینییەکان لەبەرامبەر زانستە هاوچەرخەکاندا وەك روناکی مۆمێك وایە لەبەرامبەر خۆردا."[52]

لەنامیلکەیەکی دیکەدا بەناونیشانی " کتابچەی بنەفش"، کە یوسف خان پێشکەشی موزەفەرەدین خانی کردووە کاتێك حاکمی ولایەتی ئازەربایجان بوو، یوسوف خان هێرشی کردبووە سەر سیاسەتی ستەمکاریی و کەموکوڕییە گەورەکانی دەرخستبوو، ئاکامگیریی ئەوەشی کردبوو:" ئەگەر دەوڵەت لەپێناوی دابینکردنی ئازادییەکان بۆ گەل کارنەکات، ئەوساکە خەڵك بۆخی لە ئایندەدا داوای ئەو مافە

[51] ماشاء الله آجودانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٥٦-٤٥٧. لطف الله آجودانی ، پێشوو سەرچاوەی، ل ٤٧-٤٩.

[52] ناظم الاسلام کرمانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢-١٧٣.

**دەکات".[53] هەربۆیە ناسرەدین شا، ئەندێشەکانی یوسف خانی بەمەترسییەکی گەورە لەسەر پایەکانی حوکمڕانییەکەی خۆی دەزانی و فەرمانیکرد قۆڵبەستی بکەن و لەقەزوین بیخەنە زیندانەوەو توندترین ئەشکەنجەی بدەن. هەربۆیە بە کتێبی "یەك کەلەمە"، کە یەکەمین نامە بوو لەبواری چاکسازیی سیستمی مافەکاندا، دەوترێت: "ئەو کتێبە بوو کە خاوەنەکەی بەکوشتدا." [54]**

**هەروەها، ئەدیبی شانۆیی لیبراڵ و ناسیونالیستی سێکیولار (فەتح عەلی ئاخوندزادە ١٨١٢-١٨٧٨) رۆڵێکی دیاری لەنێو رۆشنبیرە ئێرانییەکاندا بینیوە لەبواری بانگەشەکردن بۆ بەگژداچوونەوەی ستەمکاریی و چەقبەستوویی مەزهەبیی و دامەزراندنی سیستمی دەستووریی پارلەمانیی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری و سنوردارکردنی دەسەڵاتی شاو کەمکردنەوەی رۆڵی رۆحانییەکان لەدەوڵەت و کۆمەڵگاداو هەروەها بەپیرەوەچوونی شارستانییەتی رۆژئاوایی و وەرگرتنی بەپەرۆشەوە.[55] ئاخوندزادە نووسیویەتی:" ئەی ئێرانییەکان، ئەگەر بتوانن درك بە سوودەکانی ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ بکەن، ئەگەر فێری زانیاریی ببن و کۆمەڵەی نهێنیتان دامەزراند و هێزەکانی خۆتان یەکخست و بڕیاتاندا خۆتان لە ستەمکاریی و زۆرداران رزگاربکەن، ئەوا هەرگیز کۆیلایەتیی و**

[53] **محمد رضا فشاهی** ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٦.

[54] مهدی بامداد، شرح رجال ایران در قرون ١٢ و ١٣ و ١٤ هجری، تهران، ١٣٥٧، ص ٤٩٢.

[55] سەبارەت بە ژیانی ئاخندۆف و ئەندێشەکانی بڕوانە:

**فریدون آدمیت ، اندیشه های مرزا فتحعلی آخوندزاده ، چاپ اول، انتشارات خوارزمی،تهران، ١٣٤٩.**



**سوکایەتیی پەسەند ناکەن." [56] هەروەها دەڵێت:" ئاشکرایە پاش بڵاوبوونەوەی زانستەکان و پێشکەوتنی، ستەمکاریی و دەمارگیریی ئاینیی بوونی نامێنێ." [57] هەروەها ئاخوندزادە بەبوێرییەوە رایگەیاند:" رزگاریی لە ستەمکاریی و زۆرداریی ناکرێ تەنیا لەڕێگەی زانستەوە نەبێت، زانستیش بێ پێشکەوتن نابێت، پێشکەوتنیش بێ لیبراڵیزەبوون نابێ، لیبراڵیزەبوونیش خۆڕزگارکردن لە بیروباوەڕی پوچ و خورافات نایەتەدی، ئەوەش سوودی نابێت هەتاکو ئاینەکەت رێگریت لێ بکات." [58]**

**هەروەها ئاخوندزادە وتویەتی:" لەرابردوودا پەیامبەر و فەیلەسوف و شاعیران داوایان لە ستەمکاران کردووە واز لە زۆرداریی بێنن، بەڵام ئەندێشمەندانی هاوچەرخی وەك رۆسۆو مۆنتسیکیو ، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ناکرێ لەستەمکار بپاڕێیتەوە، بەڵکو پێویستە هانی ستەملێکراو و چەوساوەکان بدرێت رابن و خاڵێکی کۆتایی بۆ زۆرداریی ستەمکاران دابنێن." [59] ئاخوندزادە، رەخنەی لە ئێرانییە لیبراڵیستەکانی وەك یوسف خان موستەشارئەلدەولەو میرزا مالکوم خان گرتووە، سەبارەت بەو رێبازە میانڕەوییەی گرتوویانەتەبەر لە تێکەڵکردن و نزیککردنەوەی نێوان ئەندێشە لیبراڵە رۆژئاواییەکان و بنەماو رێبازەکانی ئاینی ئیسلام، هەربۆیە لەمیانەی رەخنەکردنی**

[56] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨-١٤٩.

[57] **مرزا فتحعلی آخوندزاده، الفبای جدید و مکتوبات ، به کوشش حمید محمد زاده، ١٩٦٣م، ص ٢٨.**

[58] **فریدون آدمیت، اندیشه های مرزا فتحعلی آخوندزاده، ص ٢١٩.**

[59] **مرزا فتحعلی آخوندزاده** ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦-٢١٧.

لەکتێبی "یەك کەلەمە" دەڵێت:" بەبڕواو بۆچوونی ئێوە دەتوانرێت بە یارمەتی بنەماکانی شەریعەت دەستووری فەرەنسیی لەرۆژهەلات بهێنرێتەدی و بچەسپێنرێت؟! حاشا و نەخێر! ئەمە مەحاڵە و هەرگیز نایەتەدی".[60] هەروەها، ئاخوندزادە بڕوای وابوو کە کۆتاییهێنان بە زۆرداریی و چەسپاندنی دادپەروەریی و چەمك و ئەندێشە ڕۆژئاواییەکان لەئێراندا، تەنیا لەرێگەی شۆڕشێکەوە دێتەدی کە ڕژێمە کۆنەکە بڕوخێنێت و کار بۆ دامەزراندنی سیستمێکی نوێ بکات بەگوێرەی بنەماو پێودانگە هاوچەرخەکان." ئاخوندزادە، زۆری دەربارەی چەمکەکانی وەك : گەل و نەتەوە[61] و نیشتیمان و نیشتیمانییبوون باسکردووەو وتویەتی:" نیشتیمانپەروەر ئەوەیە گیانی خۆی لەپێناو گەل و نیشتیماندا بەخت بکات...بۆ هێنانەدی شکۆی نەتەوەیی و پاراستنی وڵات لە بێگانەو رزگاربوون لە

[60] لطف الله آجودانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

[61] ئاشکرایە کە پیاهەڵدان و شانازییکردن بە رابردوو و گیانی دژایەتیی عەرەب و ئیسلام و لوتبەرزی قەومیی تاڕادەی سڕینەوەی بەرامبەرو شۆڤێنیزم و رقلێبوونەوەی ئەوانی دیکە، هەر لەسەرەتاوە سیمایەکی ئاشکراو دیاری نەتەوایەتیی فارسیی و بانگەشەکارانی بوو، پێدەچێت ریشەی شعوبییەت لەلایەکەوەو لاوازیی و رسوابوونی ئێران لەبەردەم هێزە دەرەکییەکان و دەرکەوتنی شەپۆلی هۆشیاربوونەوەی نەتەوە نافارسەکان لەسەرەتای چاخی نوێدا، رۆڵی لەدیارییکردن و چەسپاندنی ئەو سیمایانەدا هەبووبێ، بەشێوەیەك (بندکت ئەندەرسون) نەتەوایەتیی فارسیی بە بەشێك لە (نەتەوایەتیی فەرمیی دەوڵەتیی/ Official or State nationalism) لەقەڵەم دەدات کە دەبێتە بەشێك لەجۆری نەتەوایەتیی دوژمنکارانە، ئەوەش ئەو رێحەزە شۆڤێنیستانە ڕووندەکاتەوە کە تەنانەت لەلای ئەو سیاسەتکارو نووسەرە ئێرانییەدا دەبینرێت کە ئیدعای لیبراڵبوون دەکەن.

Benedict Anderson , op cit , p102



دواکەوتوویی، لەسەرمانە وا بکەین خەڵك خوێندەواربێت و وانەیان لە نەتەوایەتیی و نیشتیمانپەروەریی بدەینێ."[62]

ئاخوند زادە لەوتارە ئەدەبیی و نووسینە شانۆییەکانیدا، کە کاریگەربوو بە ئەدەبی ریالیزمی رەخنەیی روسیی، هەوڵیداوە چاوی ئێرانییەکان بکاتەوەو هانیان بدات بەگژ ستەمی سیاسی و کۆمەلایەتییدا بچنەوە و لەنەزانیی و چەقبەستوویی خۆ رزگارکەن، هەروەها، هەوڵیداوە بەزمانێکی سادەو پاراو بنووسێت، دوور لەجوانکاریی و فەنتازییای زمانەوانیی، کە تایبەتمەندیی شێوازە کۆنەکە بوو،[63] هەروەها هەوڵیدا ئەلفو بێی زمانی فارسیی بگۆڕێت و ئەلفوبێیەکی نوێ دابهێنێت. سەبارەت بەوەش وتی:" بنیاتنانی ڕێگای ئاسنیین بۆ ئێران پێویستە، بەلام گۆڕینی ئەلفوبێی زمان زۆر بایەخدارترو پێویستترە."[64]

لەرێبەرانی بیری سۆشیالیستی دیموکراتی لەئێران، میرزا ئاقاخانی کرمانی(١٨٥٤-١٨٩٦) بوو، ئەو وەك کەسێکی غەوارەی غەریبزەدە ماوەی دەیەیەك بوو لە ئەستەمبول نیشتەجێبوو، پەیوەندی لەگەڵ کۆڕبەندە فەرهەنگییەکاندا هەبوو بەشێوەیەك بەئەندێشەکانی

[62] لطف الله آجودانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

[63] جەلالەدین میرزا بە رابەری بیری نەتەوایەتی فارسیی ئەژمار دەکری کە مێژووی ئێرانی لە سێ بەرگدا نووسیوە بەناونیشانی " نامەی خسرەوان"، ئەو بەزمانێکی پەتیی فارسیی نووسیویەتی و خۆی لە بەکارهێنانی وشەو چەمکی عەرەبیی بواردوەو کە ئەو دەمە زۆر لەنێو نووسینەکاندا بەکاردەهات، دواتریش زۆرێك لەنووسەرانی ئێرانیی شوێنپێی جەلالەدین میرزایان کەوتن.

ماشاء الله آجودانی ، یا مرگ یا تجدد، ص ٦٥.

[64] مرزا فتحعلی آخوندزاده ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨.

فەیلەسوفانی وەك : بیکۆن، دیکارت، مۆنتسیکیو، رۆسۆ، ئۆگۆست کۆنت و هێربەرت سپێنسەر کاریگەربوو.[٦٥] ئەو لەو بڕوایەدابوو کە ئەوەی ئێران لەو کاتەدا پێویستی پێیەتی بریتییە لە ئازادیی ئاینیی و سیاسی و حکومەتێکی دیموکراتی دەستووریی کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی ئێرانیی و سەروەریی یاسا دامەزرابێت، هەروەها کاریگەریی ئەندێشەکانی شۆڕشی فەرەنسیی لەسەر بوو. ئەو بانگەشەی بۆ شۆڕش دەکرد دژی رژێمی ستەمکاریی و داوای یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی دەکرد لەرێگەی سنووردارکردنی موڵکایەتیی، بەتایبەت، موڵکی موڵکدارو خاوەن زەوییەکان. ئاقاخان پێی وابوو کە ئازادیی بی یەکسانیی نایەتەدی، هەروەها بۆئەوەی دادپەروەریی بێتەدی، ئەو بڕوای بە هاوسەنگیی نێوان هێزی دەوڵەت و هێزی گەل هەبوو. .[٦٦]

ئاقاخان رۆڵێکی مەزنی لەمێژووی ئازادییخوازیی ئێران و خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی حکومەتی یاسادا هەبوو، ئەو لەهەموو رۆشنبیرە مەشروتەخوازەکانی دیکەی ئێران رۆشنبیرترو شۆڕشگێڕتر دادەنرێ، کە ئاگاییەکی بەرفراوانی لەبارەی مێژوو و فەرهەنگی ئێرانیی و ئیسلامیی و رۆشنبیریی هاوچەرخ وەك یەك هەبوو، بەتایبەت،

---

[65] بۆزیاتر:

فریدون آدمیت ، اندیشه های مرزا أقاخان کرمانی ، تهران ، ١٣٤٦.، محمد رضا فشاهی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٨-٥٠٣

[66] مهدی رهبری، متجددان ایرانی و تجدد در عصر مشروطه (بررسی پیدایش جدال های فکری در ایران جدید ، فصلنامه مطالعات ملی، شماره ٤، سال هشتم ، ١٣٨٦، ص ٧٠.



ئەندێشەگەلی فەرەنسییەکانی سەدەی هەژدەیەم و لیبرالیزمی ئینگلیزیی و فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆن. ئەمەو وێڕای رێبازەکانی بیری سۆشیالیستی و ماتەریالیزم و ئانارکیستی و نیهیلیزم. ئاقاخان، لەو بڕوایەدابوو، کە ستەمکاریی سیاسی و ئاینیی دوو رووی دراوێکن، هەربۆیە، بوونی رژێمگەلێکی ستەمکارانەی پاشایەتیی رەها و بڕوابوون بە خوایەکی تاك و تەنیا لەلای گەلانی ئاسیای پێکەوە بەستۆتەوە، هەروەها ئاماژەی بەپەیوەندی نێوان رەوشی فەرەخوداوەندیی و شێوازی حوکمڕانیی کۆماریی دیموکراتی لەلای یۆنانییەکۆنەکان کردووە، ئاقاخان، لەبارەی رەوشی نێوخۆی ئێران و نەزانیی و دواکەوتوویی خەڵکەکەیەوە بەئاگابوو، هەربۆیە لەنامەیەکیدا کە بۆمیرزا مالکوم خانی نووسیوە،داوای لێدەکات، لەو رۆحانییانە نزیکبێتەوە کە لەدەربار تووڕەو بێزارن و پشتگیرییان بەدەست بێنێت بۆئەوەی خەڵك تەیاربکەن و دژی رژێم هانیان بدەن. .[٦٧]

وتارەکانی دیکەی ئاقاخان لەرۆژنامەی (ئەختەر)دا کە لەئەستەمبوڵ پەخشدەکرا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەنێو ئێرانییەکاندا هەبووە. ناسرەدین شا خۆی زۆر لە وتارە رەخنەییە توندەکانی ئاقاخان بێزاربووە، بەجۆرێك دەوترێت کاتێك ناوی ئاقاخانی دەبیست لەتووڕەییدا پێیەکانی بەزەویدا دەکێشاو بەتوندی لێوەکانی دەکرۆشت. ئاقاخان، لەگەڵ هەریەك لە میرزا مالکوم خان و سەید جەمالوددینی ئەفغانیی هاوکاریی کرد لەپەخشکردنی رۆژنامەی (قانون) لە لەندەن. دوای کوشتنی ناسرشەدین شا بەدەستی( میرزا رەزای کرمانی)،

---

[67] فریدون آدمیت، ایدیولوژی نهضت مشروطیت ایران، تهران، ص ٢٩-٣٠.

حکومەتی ئێران، داوای لەدەوڵەتی عوسمانیی کرد کە ئاقاخان و هاوڕێکانی رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بکەنەوە. دەوڵەتی عوسمانیی، ئاقاخان و دوو لەهاوڕێ رشنبیرە ئازادییخوازەکانی دایەوە بە ئێرانییەکان، کە هەریەك لە (شێخ ئەحمەدی رۆحی) و (خەبیرولمولك) بوون. ئەوان، پاش ماوەیەکی لە باخچەی ئیعتیزادییە لەتەبریز، بەفەرمانی موزەفەرەدین شای نوێی ئێران، ئیعدام کران. [68]

هەروەها میرزا عەبدولڕەحیم تاڵیبۆف نەجارزادەی تەبریزی (١٨٣٤–١٩١١)، یەکێکە لەو رۆشنبیرە دیارانەی کە رۆڵیان لەبەئاگاهێنانەوەی ئێرانییەکان بە فەرهەنگی حکومەتی دەستووریی و دەوڵەتی قانون و مافی ئازادیی دەربڕین و کۆبوونەوەو سوودوەرگرتن لە شارستانییەتی رۆژئاوا و وەرگرتنی زانست و کارکردن بەرەو پێشکەتندا هەبوو. تاڵیبۆف لە رووی سیاسی و فەلسەفییەوە، کاریگەربوو بە فەیلەسوفە لیبراڵەکانی وەك بێنتام و جۆن لۆك، بەڵام لەرووی ئابورییەوە، پەیڕەوی لە رێبازی سۆشیالیستی دەکردو بانگەشەی بۆ یەکسانیی و دەستوەردانی دەوڵەت لە رێکخستن و دابەشکردنی سامان و موڵك دەکردو سۆشیالیزمی بە"زانستی چاکسازیی دۆخی هەژاران و خۆشگوزەرانی بێدەرەتانان پێناسە دەکرد".. [69] بیرودیدەکانی لە نووسین و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانییەوە وێنا دەبوو کەبەناوی : " ئیزاحات/ روونکردنەوەکان"، "دەر خسوس ئازادی"، سیاسەت تاڵیبی" ، "کیتاب ئەحمەد یا سەفینەی تاڵیبی"، "مەسالیك

[68] محمد رضا فشاهی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٢-٤٨٥، ٤٧٤.

[69] مهدی رهبری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.



موحسینین"، "مەسائیل حەیات"و "پەندنامە مارکوس". تاڵیبۆف دەڵێت:" هۆکاری بنەڕەتی لەپێشکەوتنی گەلانی رۆژئاوا خۆی لەهەڵاتنی خۆری زانست و پیشەسازیی لەرۆژئاوادا دەبینێتەوەو بنەمای کارپێکراو بۆتە ئەوەی :" گەل بۆخۆی یاسا و بەرژەوەندیی خۆی دادەنێ و حکومەت لەسەرێتی جێبەجێی بکات." . [70] هەروەها تاڵیبۆف رژێمە ستەمکارییەکان رەخنە دەکاو دەڵێت:" بنەمای سیاسەت لەو جۆرە رژێمانە رێگریکردنە لەرەعیەت بۆ تێگەیشتن و درککردنی هەر شتێك بۆئەوەی چاوی نەکرێتەوەو گوێی دەنگی راستیی نەبیستێت، لەبەرئەوەی چەندە نەفامیی رەعییەت زێدەتربێت، تەحەمولکردنی بۆ ستەم و چەوسانەوە زێدەتر دەبێت و باشتر لایەنگریی حکومەت دەکات." [71]

دیسانەوە تاڵیبۆف نووسیویەتی:" ئەگەر ئێرانییەکان دەیانەوێت ئەو مەسەلەیە بزانن کە بۆچی هەوڵگەلی نیشتیمانییەکان پێشناکەوێت؟، هەروەها بۆچی تۆوی پێشکەوتنمانە سەوز نابێت؟ بۆچی موژدەی رۆژنامەکانمان پاش رۆژێك یان دووان دەبنە بێهیوایی و وەیشومە؟ بۆچی حکومەت بڕیارەکانی پاش تێپەڕینی چەند رۆژێك لەدەرکردنی لەبیردەباتەوە...هەتا یاسامان نەبێت، گەل و دەوڵەت و نیشتیمان مانایەکی نابێت." [72]

[70] وەرگیراوە لە : لطف الله آجودانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩-١٨٠.

[71] هەمان سەرچاوە، ل ١٨١.

[72] هەمان سەرچاوە، ل ١٨٢.

ئاشکرایە، ئەو رووداو و پەرەسەندنە نێوخۆییانەی کە لەدەوڵەتانی دەوروبەرەوە روویاندەدا، کاریگەرییان لەسەر بیروهۆشی ئێرانییەکان و پەرەسەندنی رەوشی نێوخۆیی سیاسی ئێران هەبوو. پێشتر هەندێك چاکسازیی دەستووریی بەهێز روویاندا کە کاریگەریی لەسەر گەلی ئێرانیی هەبوو، ئەویش بەهاندەری وەرگرتنی ئەزمونەکان لە گۆڕانکاریی و بڵاوبوونەوەی ئەندێشە ریفۆرمیستیی و پێشکەوتووخوازەکان و تەنانەت شۆڕشگێڕییەکانیش، ئەوەی رایەڵەی هاوبەشی نێوان تێکڕای گەل و کۆمەڵگاکان بوو، یان بەهاندەری چاولێکەریی، کە هانی ئەوانی دیکە دەدات بەرەو گۆڕانکاری ملبنێن. هەربۆیە وێڕای جووڵانەوەی چاکسازیی لەدەوڵەتی عوسمانییدا، رووداوەکانی روسیای تزارییش کاریگەرییەکی زێدەیان لەسەر رەوشەکەی ئێران هەبوو، سەرکەوتنی یابان بەسەر روسیادا لەجەنگی ١٩٠٤–١٩٠٥دا، پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ ئێرانییە بانگەشەکارە چاکسازییخوازەکان، لەو سۆنگەیەوە کە سەرکەوتنەکە بەوهۆیەوە بووە کە یابان دەوڵەتێکی دەستوورییە، شکستەکەش لەوەوە بووە کە روسیا دەوڵەتێکی ستەمکارییە و یاسای تێدا سەروەر نییە.[٧٣]

لێرەدا شایەنی ئاماژەپێدانە، کە ناوچەکانی باکوری ئێران کاریگەربوون بەو رووداوانەی لەناوچەکانی قەفقاسدا دەقەومان، ئەو ناوچانەی ببوونە پردێك بۆ پەیوەستی فیکریی و کۆمەڵایەتیی نێوان ئێران و روسیا، ئەو ناوچانەی بوارێکی بەپیتی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان بوون و لەوێوە چەمکە شۆڕشگێڕیی و

73 محمد خاتمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥-١٢٦.



سۆشیالیستییەکان هاتنەنێو ئێرانەوەو دەستەو تاقمە چەپگەراکان لەباکوری ئێران و تارانی پایتەخت بەناو و ناونیشانی جیاوازەوە دەرکەوتن. کاتێك رۆژنامەی "ئەسکرا/ پریشك" لەروسیا لەدیسەمبەری ١٩٠١دا بڵاوکرایەوە، شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان لەرێگەی باکۆوە کۆپییان دەهێنایە نێو ئێرانەوە، ئەوانە لە بیرە نەوتەکانی باکۆ کاریان دەکردو کاریگەربوون بە بیری ئیشتراکیی مارکسیی و لەو بڕوایەدا بوون کە سەرکەوتنی شۆڕش لەئێران ئاسانترە تاکو روسیا، بەهۆی پەککەوتەیی دەوڵەتی قاجاریی و نەبوونی سوپایەکی ئێرانیی بەهێز کە بتوانێت لەکاتی هەڵگیرسانی، شۆڕشەکە دابمرکێنێت. بەڵام دەرهاویشتەی رووداوەکانی رسیا لەئێران خێراتر بوو، روسیا لەشۆڕشکردن بەڕووی قەیسەردا پێشکەوت، ئەوەی وایکرد کە دەستوور لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥دا رابگەیەنرێت و ئەنجومەن(دوما) دابمەزرێنرێت. ئەوەش وایکرد ئێرانییەکان بەو رووداوانە کاریگەربن کە لەوێ روویاندابوو، هەروەها پەلەبکەن لە جێبەجێکردنی ئەزمونی دامەزراندنی پارلەمان لەوڵاتەکەیان و هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەندێشەگەلی مسۆگەری دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و مادیی، پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و شوناسی نیشتیمانیی بەدژی ئیمپریالیزمی ئەوروپیی و هەروەها دەستبەسەراگرتنی موڵك وماڵی کۆمپانیا بیانییەکان بدەن.[٧٤]

74 بۆ زیاتر: خسرو شاکری، پیشینەهای اقتصادی-اجتماعی جنبش مشروطیت و انکشاف سوسیال دیموکراسی ، تهران، اختران، ١٣٨٤.

ویڕای ئەوە، ڕەوتێکی سیاسی و فیکریی لەباکوری ئێران و بەتایبەت لە ئازەربایجان و گەیلان سەریهەڵدابوو، کە بڕوای بە چاکسازیی رادیکاڵی ئابوری بەقازانجی چینەکانی کرێکارو زەحمەتکێشان هەبوو لەچوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتی پارلەمانیی. دیارترین ئەو کەسایەتییانەی نوێنەرایەتیی ئەم رەوتەیان دەکرد بریتیبوون لە (محەمەد ئەمین رەسوڵ زادە) و (ئارشاویر چەلەنگەریان)، ئەو دووانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ رێبەرانی سۆشیالیستی دیموکراتی ئەڵمانیی وەك (کاوتسکی و بەرنەشتیاین)دا هەبوو.[75]

هەر لێرەدا بەدیارییکراوی کاتێك قسە لەسەر بانگەشەی چاکسازییخوازو شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان و کاریگەرییان لەسەر رای گشتیی دەکەین، هەرگیز ناکرێت ئەم بانگەشانە لەنێو چینی دەرچووانی خوێندنگا نوێیەکان و غەربزەدەکاندا بەرتەسك بکەینەوە و ئەندێشمەندانی گەورەی وەك جەمالوددینی ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧) لێ دەربهاوێین، ئەوەی کە بەناوبانگترن بانگەشەکاری چاکسازیی ئاینیی و سیاسیی بوو لەسەردەمی ناسڕەدین شادا،[76] دیدو بۆچوونەکانی کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئاراستەکردنی بیری لاوان و توێژی هۆشیار بەرەو بەگژداچوونەوەی ستەمکاریی نێوخۆیی و هەژمونی نفوزی بێگانە لەئێراندا. جەمالوددین دووجار لەسەردەمی

[75] مهدی رهبری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

[76] دکتور علی شلش، جمال الدین الأفغاني بین دارسیە، الطبعة الأولی ، دار الشروق، القاهرة، ١٩٨٧.، آراو اندیشه سید جمال الدین اسدآبادی، به اهتمام دکتور بهرام هوازنی، چاپ اول، ١٣٨٨



ناسڕەدین شادا سەردانی ئێرانی کرد، بەڵام هەرزوو شا دڵی لێی کرمێ بوو و بەهۆی چالاکیی و بانگەوازە بەردەوامکانی بۆ چاکسازیی و دەستوور و ئازادیی، هەروەها وەستانەوە بەڕووی بێگانەداو پەیوەندییە بەردەوامەکانی بە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێرانیی و کاریگەریی گەورەی لەسەر لاوان و زێدەبوونی ژمارەو پێگەی لەنێو لایەنگران و پشتگیرییکارانییدا.[77]

جەمالوددین، رۆڵێکی سەرەکیی لەهاندانی ئێرانییەکاندا هەبوو بەدژی پێدانی جیاوگی توتن بە کۆمپانیایەکی ئینگلیزیی لەلایەن ناسڕەدین شاوە لە ساڵی ١٩٨٠دا، لە رێگەی وتارو نووسینەکانی کە بۆ زانا و موجتەهیدە مەزنەکانی وەك (سەید میرزا محەمەد حوسیچن خانی شیرازی) لە سامەڕاو (سەید محەمەد تەباتەبائی) لەتاران، دەناردن. دواتر فتوایەك بۆ حەرامکردنی بەکارهێنانی توتن دەرکراو ئاڵۆزیی لەنێو هەندێك لەشارەکانی ئێران دژی پێدانی ئەم جیاوگە، سەریهەڵدا. ئەوەش یەکەمین نیشانەی شۆڕشێکی میللی بوو دژی رژێمەکە و یەکەمین ئەزمونی خەباتی سیاسی هاوچەرخ بوو کە تێیدا توێژگەلێکی شارەکیی وەك بازرگانانی بازاڕو رۆشنبیران و رۆحانییەکان، هاوپەیمان بوون، بەشێوەیەك، شایان ناچار بە پاشەکشە و هەڵوەشاندنەوەی جیاوگەکە کرد. جەمالوددین لەم ئەزمونە شۆڕشگێڕییەدا، ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان رۆحانییەکان و توێژی رۆشنبیرانی دژ بە جیاوگەکە بوو.[78]

[77] الدکتورة فرح صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

[78] پیتر آوری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

ئەفغانی، جەختی لە ڕۆڵی حکومەت لە نەزانی و دواکەوتوویی کۆمەڵگا کردەوەو ئاماژەی بەوەدا کە هۆکاری ستەمکاریی و کۆکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی تاکە شەخسێکدا کە بەئارەزووی خۆی حوکمڕانیی دەکات، هەروەها نەبوونی یاسایەکی نووسراو، فاکتەری سەرەکیین لەبڵاوبوونەوەی گەندەڵیی و سوکایەتییپێکردن و نەمانی دادپەروەریی .[٧٩]

جەمالوددین، دوای دوورخستنەوەی لە لەندەنەوە توندترو رەقتر لەرێگەی هەردوو بڵاوکراوەکانی (زیائولخافقین) و(قانون) ەوە، کەوتە وێزەی شا. ئەم پەلامارانەی ئەو شای بەتوندی دەکوتاو زۆر بەخراپیش کاریگەریی دەرونیی لەسەر هەبوو، بەجۆرێك، دەوترێت کە غافڵکوشتنی ناسڕەدین شا زادەی ئەو هەڵچوونە فیکرییانەو ئەو دۆخە بووە کە جەمالوددین لەئێراندا خولقاندوویەتی. هاوەرها وتراوە کە بکوژی شا لەو ساتەدا فیشەکەکانی دەمانچەکەی بەرووی شادا تەقاندووە، وتویەتی: "بگرە لەدەستی جەمالوددین"[٨٠]

پاش غافڵکوشتنی ناسڕەدین شا و هاتنەسەر تەختی موزەفەرەدین شا(١٨٩٦-١٩٠٧) ، چنگاڵی ئۆتۆکراتی لاواز بوو، کرانەوەیەکی رێژەیی لەژیانی سیاسی و فەرهەنگیی روویدا، شای نوێ، پەیوەندیی نێوان ئێران و جیهانی دەرەکیی گێڕایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی رۆشنبیر لە دەرەوە گەڕانەوە، ژمارەیەکی دیکەش روویان لەدەرەوە

[79] مقصود رنجبر ، مبانی اندیشهء سیاسی سید جمال الدین اسدآبادی ، في: آراو اندیشه سید جمال الدین اسدآبادی، ص ١٧٥

[80] الدكتورة فرح صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.



کرد، سانسۆر لەسەر رۆژنامەو بڵاوکراوەکان کەم بووەوە، ئەوەی بووە هۆی زێدەبوونی ژمارەی رۆژنامەو پەرەسەندنی رۆژنامەوانیی و زێدەبوونی خوێنەران، هەروەها رێگە بە بڵاوکراوەی دوورخراوەکان درا بێنە وڵاتەوەو ژیانێکی نوێ لەبواری چالاکییە فەرهەنگییەکان دەستیپێکرد.[٨١]

ئەم کرانەوە رێژەییە بووەهۆی زێدەبوونی داواکارییەکان بۆ حکومەتی دەستووریی و رێگریی لەستەمکاریی و هاتنەناوەوەی نفوزی بێگانە، کرکۆکی چالاکیی بەرهەڵستکارەکان دژی رژێم لەو کۆمەڵە فەرهەنگیی و سیاسییە نهێنیی و نیمچە ئاشکرایانەدا خۆی نواند کە بەشێوەیەکی تایبەت لە هەرێمی ئازەربایجان و تارانی پایتەختدا چڕببۆوە، کە گرنگترین ئامانجەکانیان: بڵاوکردنەوەی زانیاریی و بنەماکانی دیموکراتی بوو وەك: ئازادیی تاکەکەسیی، بەدیهێنانی یەکسانیی لەنێوان هاوڵاتیاندا، دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا، کەمکردنەوەی باج، مافی کرێکاران لە رێکخستن و مانگرتن و هەروەها دیارییکردنی کاتی کارکردن و کۆتاییهێنان بە ستەمکاریی و ئەنجامدانی چاکسازیی دادوەریی و سەربازیی و ئابوری. گرنگترینی ئەو کۆمەڵانەش بریتیبوون لە:

یەکەم: کۆمەڵەی (شەریکەتی ئیسلامیی) لەلایەن (مەلیکولموتەکەلمین) ەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٠٠-١٩٠١ لە ئەسفەهان

[81] هەمان سەرچاوە، ل ٩٦-٩٧. بۆزیاتر سەبارەت بە کەسایەتیی موزەفەرەدین شا بڕوانە: مرتضی رواندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨٤-٥٨٥.

دامەزرێنرا، ئامانجی پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و پاراستنی بەرهەمی پیشەگەران و هاندانی پیشەسازیی نیشتیمانیی بوو.

دووەم: کۆمەڵەی (ئازاد مەردان/ پیاوانی ئازاد) کە لەلایەن دەستەیەك لە رۆشنبیرانی نیشتیمانپەروەرەوە لەساڵی ١٩٠٣ لەتاران، لەسەروی هەموویانەوە (مەلیکولموتەکەلمین)، دامەزرێنرا. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە سەر بەچینی ناوەڕاست بوون. ئەم کۆمەڵەیە، توانی یەکەمین کتێبخانەی میللیی لەساڵی ١٩٠٤ و هەروەها ٥٥ خوێندنگای تایبەت لەتاران بکاتەوە.

سێیەم : کۆمەڵەی (مەرکەز غەیبی/ ناوەندی نهێنی) کە دەستەیەك لەو رۆشنبیرانە دایانمەزراند کە کەلەساڵی ١٩٠٥دا، لەتەبرێز، رۆژنامەی (گەنجینەی فنون/گەنجینەی هونەر) یان بڵاودەکردەوەو سەرۆکەکەی (شێخ عەلی کەربەلائی) بووکە بە (مسیو) ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە زۆر شارەزاو بەئاگابوو لەزمان و رۆشنبیریی فەرەنسییدا. ئامانجی کۆمەڵەکە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی و بایەخدان بەئەدەب و فیکرو فەلسەفەی سیاسیی فەرەنسیی.

چوارەم: حزبی (ئیجتیماعیون عامیون) یان سۆشیال دیموکراتی کە لەباکۆ لەلایەن دەستەبژێرێکی رۆشنبیری وەك: نەریمان نەریمانۆڤ و حەیدەر عەمو ئۆغلی و ئیبراهیم میلانی، لەساڵی ١٩٠٥دا، دامەزرێنرا. ئەم کۆمەڵەیە کاریگەریی بیروبڕوا روسە شۆڕشگێڕ و دیموکراتییەکانی بەسەرەوە بوو، بانگەشەی بۆ مافی کرێکاران لە خۆرێکخستن و خۆپێشاندان و مانگرتن دەرکرد، لەگەڵ بەدیهێنانی ئازادییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانی گشتیی. ئەم حیزبە



رۆڵیکی گەورەی لە رووداوەکانی شۆڕشی مەشروتییەتی ئێرانیدا بینی.[82]

پێنجەم: ئەنجومەنی نهێنیی (ئەنجومەنی مەخفی)، کە هەریەك لە سەید عەبدوڵا بەهبەهانی و سەید محەمەد تەباتەبائی لەساڵی ١٩٠٥دا، لەتاران دایانمەزراند. ئامانجی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی و هەژمونی بێگانە بوو. سەید بەهبەهانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ جەمالودینی ئەفغانییدا هەبوو، وەك کەسێکی ریفۆرمیستی میانەڕەو ناسرابوو. داوکاری ئەنجومەنەکە بریتیبوو لە : دامەزراندنی عەدالەتخانە، پێداچوونەوەو راستکردنەوەی سیستمی باج، هاندانی بازرگانیی و رێکخستنەوەی گومرگەکان بوو.

شەشەم: لێژنەی شۆڕشگێڕیی (کۆمیتەی ئینقیلابی)، ئەم لێژنەیە، ، لەلایەن پێنج کەسایەتیی ئێرانییەوە دامەزرابوو، وێڕای مەلیکولموتەکەلمین، کە رۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشی مەشروتییەتدا هەبوو کە بریتیبوون لە: حاجی میرزا یەحیا دەوڵەتئابادی، عەلیقولیخانی سەردارئەسعەد بەختیاری، سەید جەمالودینی واعیزی ئەسفەهانی. ئەم لێژنەیە داوای دانانی پلانی کرد بۆ ژێرەوژوورکردنی رژێمی حوکمڕانیی و پیلانگێڕیی و دەرفەتقۆزتنەوەی ململانێ شەخسییەکانی نێو بەرپرسە پایەبەرزەکانی رژێم و پشتگیرییکردنی رەگەزە میانڕەوەکان بەدژی کۆنەپارێزەکان، هەروەها پەیوەندییکردن بە رۆحانییەکانەوە لەپێناو بەدەستهێنانی لایەنگریی توێژەکانی خوارەوە.

---

[82] ماشاء الله آجودانی ، مشروطه ی ایرانی، ص ٤١١-٤١٣.

**حەوتەم: کۆمەڵەی مرۆڤایەتیی(ئادەمییەت)، ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن میرزا عەباس قولیخانی قەزوینییەوە کە یەکێك بوو لە خوێندکارەکانی میرزا مالکوم خان دامەزرێنرا، میرزا عەباس قولیخان بە (ئادەمییەت) ناسرا کە باوکی (فەرەیدون ئادەمییەت) ی مێژوونووسی بەناوبانگی شۆڕشی مەشروتییەتی ئێرانییە. بیرو بۆچونەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە بۆچوونەکانی "فەرامۆشخانە" وە نێزیك بوو، کە پێشتر میرزا مالکوم خان لەسەر شێوازی کۆمەڵە ماسۆنییە رۆشنبیرییەکانی بەربڵاوی ئەوروپا لەسەدەی نۆزدەهەمدا دایمەزراندبوو. داواکارییەکانی کۆمەڵەکە پێداگریی لەسەر مسۆگەرکردنی ئازادییەکانی تاکەکەسیی و یەکسانیی لەبەردەم یاسا بۆ هەر هاوڵاتییەك بەدەر لە جیاوازییە رەگەزیی و ئاینییەکان.[٨٣]**

**بەم شێوەیە، بەهۆکاری هەوڵ و چالاکییەکانی رۆشنبیرانی ئازادییخواز لەسەدەی نۆزدەیەم و پەرەسەندنی بونیادی زانیاریی و فیکریی و فەرهەنگیی لەئێران، نەوەیەکی نوێ و توێژێکی چالاکی هۆشیار لە نێو کۆمەڵگای ئێرانییدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرجەستەبوو کە بانگەشە بۆ چاکسازیی و نوێسازیی و نێکردنەوەی ولات بکات بەگوێرەی بنەماگەلێکی دەستووریی دیموکراتی کە کاریگەریی فیکری ئەروپی نوێی بەروونیی تێدا رەنگ بداتەوە،**

[83] بۆزیاتر سەبارەت بەم کۆمەڵانەو چالاکییەکانیان بڕوانە:

**. اسماعیل رائین ، انجمن های سری در انقلاب مشروطیت، تهران، انتشارات جاویدان، ١٣٥٥ .، حسن اعظام قدسی،کتاب خاطرات من یاروشن شدن تاریخ صدساله ، جلد اول ، تهران ، ١٣٤٢ ، ص ١٤٢-١٤٣.، یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٩-٧٣ .**



**هەروەها، هەروەك باڵیۆزی ئینگلیزیی ئاماژەی بۆ کردووە، هەستی توڕەیی و بێزاریی کۆمەڵایەتیی و رەخنەکاریی سیاسیی لەنێو چینە باڵاکان و رۆشنبیراندا قەتیس نەبوو، بەڵکو دابەزییە نێو توێژگەلە جۆربەحۆرەکانی بەشی خوارەوەی پلەبەندی کۆمەڵایەتیی دژی رژێمی قاجاریی لەئێران و بەشێوەیەك زێدەبوو کە پێشتر نەبینرابوو.[٨٤] هەروەها کەڵەکەبوونی وردە وردەی ئەو ناڕەزایەتیی و بێزارییانە مەترسیی تەقینەوەیەکی توندوتیژیی هێنایەئارا، بەتایبەت ناوەندگەلێکی فرە لەنێو کۆمەڵگادا ئەو پرسیارەی دەکرد کە داخۆ دەبێت مانەوەی رژێمێك کە لەهەموو بوارەکاندا مایەپوچی خۆی سەلماندووە، چ سوودێکی هەبێت؟!**

**لەو رەوشەدا کە بەچالاکیی رێکخراوەیی و ئەندێشەگەلی ئازادییخوازیی و شۆڕشگێڕیی ئاڵۆز بوو، خەون و ئامانجە لیبراڵیی و نەتەوەییەکان بەنێویەکدا چووبوون، پاش ئەوەی توێژی رۆشنبیران لەوەدا سەرکەوتن بیری توێژگەلێکی جۆراوجۆر لە خەڵکی شارەکان سەبارەت بە بەدکاریی رژێمی ستەمکاریی بەئاگابێننەوە، ئەو رژێمەی متمانەی خۆی لەدەستدابوو، لەئاکامی ناتوانایی لە رووبەرووبوونەوەی قەیرانەکان و هەنگاونان بەئاراستەی چاکسازیی لەنێوخۆی رژێمەکەو لەدەرەوەشیداو گرتنەخۆی گۆڕانکارییە نوێیەکان، ئەمەو جگە لەزێدەبوونی هەڕەشەی هەژمونی نفوزی بێگانە. هەربۆیە، ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر لێواری تەقینەوەی سیاسیی دەرکەوت، ئەو تەقینەوەش تەنیا پێویستی بە پریشکێك بوو، ئەو پریشکەش لەوەدا بەرجەستەبووکاتێك حاکمی تاران لە کانونی یەکەمی ١٩٠٥دا ، بەتۆمەتی قۆرخکاریی شەکر، هەستا بە دارکارییکردنی چەند بازرگانێك.**

[84] فریدون آدمیت، ایدیولوژی نهضت مشروطیت ایران، تهران، ص ٢٧.

# وێنەکان





ئەلێکسی دی تۆکڤیل



کران برینتۆن



جان فۆران



ناسڕەدین شای قاجار





گوندنشینان لەسەردەمی قاجار



دۆخی سەختی ژیانی شارنشینان لەسەردەمی قاجار



تدا ئەسکاچ پل



دیمەنێکی بازاڕیان لەسەردەمی قاجار





کۆبوونەوەی ڕۆحانییەکان



سەردار ئەسعەد و چەکدارانی خێڵی بەختیاری



نیگارێکی عەباس میرزا لەکاتی رێکخستنەوەی هێزەکانی ئێران



نیگارێکی عەباس میرزا لەکاتی پێشوازیی ئەفسەرانی فەرەنسییدا






چاکساز میرزا محەمەد تەقیخان فراهانی ناسراو بە (ئەمیر کەبیر)



وێنەیەکی خوێندکارانی خوێندنگای دارئەلفنون




(حيرەتنامە) سەفەرنامەی ئیڵچی





(توحفەتولعالەم) ی شۆشتەری






جانەوەرنامە




مينهاجولعولای ئەبوتاڵیبی بەهبەهانی



سیاحەتنامەی ئیبراهیم بێگ



فەلەکولسەعادە





میرزا حوسێن خانی سوپاسالار



ئەمینولسوڵتانی سەدری ئەعزەم



میرزا مالکوم خان نازیمولدەولە




قانون

ڕۆژنامەی قانون





میرزا یوسف خان موستەشارئەلدەولە





میرزا فەتح عەلی ئاخوندزادە



میرزا ئاقاخانی کرمانی





جەمالودینی ئەفغانی



میرزا رەزای کرمانی بکوژی ناسڕەدین شا



عەبدولڕەحیم تاڵیبۆف نەجارزادە



РОССІЙСКАЯ СОЦІАЛЬ-ДЕМОКРАТИЧЕСКАЯ РАБОЧАЯ ПАРТІЯ

ИСКРА

№ 1

ДЕКАБРЬ 1900 ГОДА

№ 1

ڕۆژنامەی ئەسکرا





سەید عەبدوڵای بەهبەهانی



ئایەتوڵا سەید محەمەد تەباتەبائی



**مەلیکولموتەکەلمین**



**حەیدەر عەمو ئۆغڵی**





**میرزا یەحیای دەوڵەت ئابادی**



**سەید جەمالی واعیز**



دیمەنی خۆپیشاندان و هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەشروتییەت